به كاتبى دادگاى چەمچەماڵ ئەمێنێتەوە تا لە ١٩٥٧/٦/١٤دا ( تەقاعود ) ئەكرێت . ئەبجادێتەوە بۆ ( هەڵەبجە ) ( بەیەزدان پەرستى و شیعر ووتنەوە ) خەریك ئەبێ تا لە ٢٣ ى حوزەیرانى ١٩٧١ دا كۆچى دوایى ئەكات و لە لە هەیوانى ( مەرقەدى شێخ عومەر و شێخ نەجمەدین ) دا بە خاك ئەسپێررێت لە بیارە .

مەلا حەسەن پیاوێكى زیرەك و زانا و قسە خۆش و دڵ تەڕ بووە ، ( عەرەبى و فارسى و توركى ) جگە لە زمانى كوردى خۆى باش زانیوە و شیعرى زۆرى بە كوردى و فارسى و عەرەبى هەیە .



# شاهۆ و شێعر

شاهۆ لە شێعر و هەڵبەستا یەكجار دەستێكى باڵاى بووە شێعرەكانى بەرز و ، تەڕ و ، رێك و ، ئاودارن [ بە كوردى و فارسى و عەرەبى ] شێعرى هەیە بەشە كوردیەكەى یەكجار زۆرە . دیوانەكەى زیاتر لە ( ١٨٠٠ ) هۆنراوەیە كراوە بە ( ٣ ) بەشەوە :

١ ـ ئایینى

٢ ـ دڵدارى

٣ ـ نیشتمانى

كاتێ كە سەیرى شێعرەكانى هەر بەشێك لەم بەشانە ئەكەیت ئەبینى شاهۆ وا چووەتە بنجو بناوانیەوە وا ئەزانى كە لەوێدا كوڵاوەو قاڵ بووە . یەكەم هەڵبەستى چاپ كراوى لە ساڵى ١٩٢٤ كە بڵاو كرایەوە ( ئەى كوردى ستەمدیدە ) بوو .

مەلا حەسەن لە پێشا نازناوى ( شایق ) بوو لە جەنگى جیهانى دووەمدا ( شاهۆ ) ى كرد بە نازناوى خۆى شاهۆ شارەزاییەكى زۆرى لە مێژووى كورد و شێعرى شاعێرە كوردەكان بوو ، لە گەڵ شاعیرى ئەمر ( ئەحمەد مختار جاف ) دا زۆر بەیەكیان خۆش بوو یەكتریان خۆش ئەویست ئەو رۆژەى كە ئەحمەد مختار بەگ هەڵبەستى (هیواى پاشە رۆژى) نووسى و داى بە مەلا حەسەن دەس بەجێ ئەویش كردى بە ( ٥ ) خشتەكى كە سەرەتاكەى بەم جۆرە دەست پێ ئەكا :-

( دڵ لە مێحنەت كەیلە ساقى سا بە رووى خەندانەوە )

هەروا تەخمیسێكى غەزەلێكى ( نارى ) كردووە كە لە ساڵى ١٩٣٧ دا بۆ ( شێخ مەحمود ) ى ناردبوو .

خوێندنەوە و سەیركردنى شێعر و هەڵبەستەكانى ( شاهۆ ) گەورەترین

بەڵکەیە بۆ سوارچاکی شاهۆ لە شێعردا شاهۆ نیشتمان و گەلی خۆی زۆر خۆش ویستووە هەمیشە بە ئاواتی ئەوە بووە گەلی کورد یەکگرێ و حوکمێکی زاتی یان دەس کەوێت . ( شاهۆ ) جگە لە شاعیری و قسە خۆشی ، زۆر دەست بڵاو بووە ، وە حەزی بە مێوانداری کردووە ئەوەی کە دەستی کەوتبێ زوربەی بۆ ئەرکی میوانداری خەڵق بووە . ( شاهۆ ) چواردە ساڵی ئەم دوایی یەی ژیانی بە یەزدان پەرستی یەکی گەرم ئەبردە سەر ، ئامۆژگاری خەڵقی بۆ دۆستی و نیشتمان پەرستی ئەکرد بە پێی موناسەبە شێعری خۆی بۆ ئەخوێندنەوە ئەم شاعیرەشمان وەکو زوربەی شاعیرەکانی تر بە ئاوات نەگەیشتنەوە سەری نایەوە . پێش کۆچی دوایی و مردنیا (بە چەند رۆژێك) دیوان و مسودەی شێعرەکانی خۆی دامێ و داوای لێ کردم کە بە رێکی و پوختی بیان نووسمەوە ، ناتەواویەکانیان بدۆزمەوە رێکیان خەمەوە هەوڵ دەم کە نەفەوتێن وە چاپ کرێن . منیش بە پێی توانا هەوڵمدا داوام لە دۆست و ناسراوان کرد لە شێعری شاهۆ چی یان لایە بۆم بنێرن بەم جۆرە توانیم ئەم دیوانە پێك بێنم ئەوەی کە ( مەجال بوو) چاپی کەم باقیەکەشی بۆ کاتێکی تر هەڵگرم .

ئیتر دەست لە دەست و هێز لە خوا .

( کاردۆخی )



# ( چەرخی دون پەروەر )

ساڵی ١٩٣٥

(١) چەرخی دون پەروەر هەمیشە یارمەتی نادان ئەکا
[ مەردی دانا ] دوونە ناو جەرگی لە داخا ژان ئەکا

(٢) عەسری نووری پێ ئەڵێن بەم دەورە مەنحوسە کەچی
هەر لە دەوری پیسی ( چنگیز و هۆلاکۆ خان ) ئەکا

(٣) دڵ بە جارێ بوون بە بەردو رەحمو شەفقەت تێپەڕی
شێتە ئەو شخصەی ئومێدی رەئفەت و ویجدان ئەکا

(٤) ناوی دین کوژرایەوە ( لا دینی ) یان هێنایە جێ
هەرچی ئەیبینی خەریکە پەیڕەوی ( شەیتان ) ئەکا

(٥) دینی ئیسلام بێ موسەممما حوکمی شەرعی ناڕەواج
ئەهلی دین ئەمرۆ تەمەننای مردن و ئیمان ئەکا

(٦) حەق نەما مۆدەی بەسەرچوو [مروەت و ئینساف و عەدڵ]
ئەو کەسە مەقبووڵە زوڵم و ئیفتیرا و بوختان ئەکا

(٧) پیاو سەری سوڕماوە عاقڵ شوێن و رێی لێ تێکچوە
وەزعی دونیا وایە ( دانا ) شێت و سەرگەردان ئەکا

(٨) خولق و خووی عالەم هەموو شکڵێکی کەی وەرگرتووە
ئەو کەسەی چاکەی لەگەڵ کەی دوژمنی ئینسان ئەکا

(٩) ئەو زەواتانەی کە خۆیان زۆر بە چاك پیشان ئەدا
غالبەن خوویان لەخوویی ( عقرب و ثعبان ) ئەکا

(١٠) ئەوکەسەی هێندێ ئەیانوت موشفیقە بۆ قەومی خۆی
ئێستە ئەیبینم کە ماڵی قەومەکەی وێران ئەکا

(١١) (کەر) لەگەڵ [ئەسپی کەحێلە] دێتە مەیدانی مەساف
( بزنە کێوی ) وا لەگەڵ (شێر) ئارەزووی زۆران ئەکا

(١٢) ( کوندەبوو ) ئەوسا کە جێگەی قوژبن و وێرانە بوو
سەیری کە ئێستا لەگەڵ (قوش) جێلوە و جەولان ئەکا

(١٣) (قەل) لەجێی بازا ئەبینم بووەتە سەردار و رەئیس
(گورگی هار) ئەمرۆ لەجێی (شوان) سەرپەرشتی (ران) ئەکا

(١٤) [مامەرێوی] بوو بە دەفتەرداری گۆشت و دووگی چەور
( مشکی برسی ) وا سەپانی رزقی سەر خەرمان ئەکا

(١٥) گۆخلی چەڵتووك درایە دەس ( یەکانەی کۆنە ساڵ )
( هووڵە ) ئاودێری گوڵاڵە و سنبل و رێحان ئەکا

(١٦) دەورە وایە ( بایەقوش ) لافی ( هومایی لێ ئەدا
( گوریە ) خۆی گۆڕیوە داوای جێگەی ( شێران ) ئەکا



(١٧) پیاوەتی نایابە ( شاهۆ ) رۆژی سوپلە و هەرزەیە
هەر کەسێ پیاو بێ بە ڕاستی خۆی لە خەلق پەنهان ئەکا

## ( نەی دیـــــوە )

نەیدیوە کەسێ کەسبی (معارف) بە بێ ئوستاد
مەکن نەبووە حەللی مشاکل بە بێ ئیمداد
نەبوە بە شتێ سەر بەخۆ ئاسن بە بێ ( حەداد )
نەی گرتووە کەس ( بازی مرادی ) بە بێ صیاد
گەورە نەبووە بەچکە بە بێ ( دایەیی خەمخواد )

## ( ئاگری بەردایە عومرم )

بەغدا ١٩٣٧

١] ئاگـــری بەردایـــە عومرم جیلوەوو جەولانی تۆ
هۆشی لێ سەنـــدم خرنـکەی پلیلەی فستانی تۆ

٢] پەستی کردم نیو نیگای نازت بە ئەدنـا عیشوەیك
سوستی کردم بەرق و باقی عونچەیی خەنـــدانی تۆ

٣] قیمە بوو ( جەرگم ) بە نیشی جووتە شومشێری برۆت
دامیە بەر شەستیری غەمزە ناوکی موژگانی تـــۆ

٤] دین و ئیمانت لە دەس سەندم بەزۆری نازی چاو
( فی الحقیقة ) رەهزەن و تالانکەری ئیمانی تۆ

٥] قیمەتی ئەلماس و دوڕ و لەعلی ڕۆمانی نەهێشت
لۆلۆی دونـدان و لێوی قورمـزی مەرجانی تۆ

٦] تەن شل و مل وەك پەڕەی گوڵباخ و گەردن وەك بلوور
قاقم و لیمۆیـە سینە و قوببەیی بوسـتانی تۆ

٧] هەرچی فیکری لێ دەکەم وێنەی لە دوەنیادا ئەمە
قامەت و ساق و سوریێ کومبەدی لەرزانی تـۆ

٨] ئادەمی جینی پەریزادی وە یا نەوعی مەلـەك
یا لە حۆرانی بەهەشتی و رەوزەیی ریزوانی تـۆ

٩] تۆ گوڵێکی سەدهەزاران بولبولت دڵبەستە بوون
پاکی پێ بەندن بە داوی گێسوی پەخشانی تـۆ

١٠] قەوسی دوو ئەبرۆت هیلالی جەژنی قوربانن کە وا
عالەمێك وەك ( قۆچی قوربان ) بوونەتە قوربانی تۆ

١١] قامەتت تەمسیلی رۆژی مەحشەری عالەم ئەکا
بۆیە وا ئەم مەخلوقە سەف سەف دێنە بەر دیوانی تۆ

١٢] لاڵ و پاڵ عاشق وەکو ( مردوو ) لە ڕێتا کەوتوون
تینوون بۆ شەربەتێکی چەشمەیی حەیوانی تـۆ



١٣] مروەتت بێ خوویی بێ رەحمی لـە سەرتا لابـەرە
با بـە داخی تۆوە نەمرن جەمعی بیمـارانی تـۆ

١٤] دوڕی ناسوفتـەی بە نرخم شاهی خوبانی زەمان
حاکمی ئەقلیمی قـەلب و قالبی ئینسـانی تـۆ

١٥] وا لە بۆتەی عەشـقدا تاوایەوە دڵ بوو بـە ئاو
ئەلویدای ئاخریە زاهێر ( شایقی ) بوریانی تـۆ

## ( خوا بۆ تۆ نیە و نابێ )

١] خوایە تۆ خوایێکی ( خوا بۆ تۆ ) نیـە و نابێ
قەدیمێکی عەزیمی ئیبتیدا بۆ تۆ نیـە و نـابێ

٢] عەجەب پەروەردگارێکی کە خۆتی ئەوەڵ و ئاخر
ئەوەنـدەم لێ یەقینە ئینتیها بۆ تۆ نیـە و نابێ

٣] خوداوەندێکی تەنیاو بێ شەریك و باب و فورزەندی
بە ڕاستی حەییو قەییومی ( فەنا ) بۆ تۆ نیە و نابێ

## ( پەنام هێنایە بەر قاپیت )

١) پەنام هێنایە بەر قاپیت بە ناڵەو شیوەن و زاری
هەزاران دەفعە یا رەببی بە هیوای رەحم و ڕزگاری

٢) ئەگەر چی شەرمەسارم ڕوو ڕەشی دیوانی تۆم ئەمما
بەرامبەر عەفوی تۆ وەزنی چی یە باری گونەهباری

٣) بە رەحمی واسیعی عامت بەزەییت گەرنەیێ پێما
پەنا بۆ کێ بەرم بۆ دەردی خۆم کێ بێ بکا چاری ؟

٤) پەنا خۆتی خوا خۆتی هەموو کارێ بە دەست خۆتە
ئەگەر من ( موزنیبم ) خۆ تۆ خوداوەندێکی غفاری

## ( لە دووری )

١) لە دووری کوڵمی گوڵڕەنگت هەمیسان عاجز و ماتم
وەکو ( مەجنونەکەی لەیلا ) منیش وا شێت و شەیداتم

٢) ئەڵێی عەودالی چۆڵگەردم ئەوەندە گێژ و بێ هۆشم
لە وەختێکۆ کە کەڕۆدەی کەمەندی زوڵفی تاتاتم

٣) شەوو ڕۆژ خوێنی گەش دەتکێ لە جەرگ و دڵ وەکو سەیلاو
هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی چاوی شەهلاتم



٤) چریکەی دەنگی ( یا لەیلا ) لە سینەم دێتە گوێ دایم
بە عەینی هەر وەکو سەمتوورە سینەی پڕ مەقاماتم

## ( ئەی یاری خۆشەویست )

١) ئەی یاری خۆشەویستی وەفاکاری ڕاست ڕەو
وەی جێی ئۆمێدی موخلیسی خەمباری تیرە شەو

٢) وەختێ کە کارتی جەژنەکەتم دیت و خوێندمەوە
وەك نووستوێ کە ڕاشڵەژێ و ڕاچەنێ لە خەو

٣) تیمسالی حالی قەومەکەمی میسلی سینەما
هێنایە بەر نەزەرم و لە پڕ ڕاپەڕیم بە دەو

٤) تۆزێ کە سەیری ئەو فلیمەم کرد و تێی گەییم
دەستم گەیاندە خامە وەکو بەرقی تیژ ڕەو

٥) نووسیم بە خوێنی دیدە لە سەفحەی سیاهی دڵ
ئەحوالی کوردی قوڕ بە سەر و بەختی شوومی ئەو

٦) کورد ڕەنجەڕۆیە گوڵبونی عەیشی خەزانی کرد
شانی لە ژێری باری خەما گشتی بوو (چەدەو)

٧) ( نەورۆز ) لە بۆ ئەوانەیە ووشکیان ژیایەوە
ئاو چاوی بەختە دێزەکەیان بوو بە مانگە شەو

## ( یا رەسولە ئەڵا )

١) یا رەسولەئەڵا دەخیلەك سەروەری دونیاوو دین
پێشەوا و خەتمی عومومی ئەنبیاوو مورسەلین

٢) فەخری کشتی کائیناتی سەیدی ( جین و بەشەر )
تاقە مەحبوبی خوداوەند رەحمەتی بۆ عالەمین

٣) تۆی ئومێدی بێئومێدان رەهبەری رێگەی نەجات
ڕۆژی ڕووناکی هیدایەت مقتدایی متقین

## ( یا خوا )

١) یا خوا هیچ کەس وەکو من شێت و ماڵ وێران نەبێ
عاجز و مات و پەشێو و دیدە پڕ کریان نەبێ

٢) خوێنی کەش نەڕوا لە ئەندامم ئەوەند پێکرام بە تیر
کافریش جەستەی وەکو من کون کونی تیران نەبێ

٣) ئاگری تێ چوو دەروونم وەختە ببمە کۆی زوخاڵ
دوژمنیشم وا دەروونی سۆختە و بوریان نەبێ

٤) بۆپڕووزی جەرگ و دوودی ئاهو و ناڵە و شیوەنم
عالەمی پڕکرد ئیلاهی کەس وەها ناڵان نەبێ



٥) دەردی بێ دەرمانی من زەحمەت شیفای بۆ بێ ئەبەد
یا خوا هیچ کەس وەکو من دەردی بێ دەرمان نەبێ

٦) مردم و چۆقەی ڕەشم کرد تۆزێ رەحمی پێم نەهات
هیچ کەسێ یا رەب وەها بەد بەختو سەرگەردان نەبێ

٧) کوشتمی ئاخر بە نووکی نێشی شومشێر و برۆی
ئەرمەنیش وەك من نەچیری شۆخی بێ ئامان نەبێ

٨) بەسیە بەس شیوەن کە ( شایق ) رۆژی دیوانی خوا
موشکلێ نامێنێ لەو ڕۆژا کەوا ئاسان نەبێ

## ڕەبی هەرچەند

١) ڕەبی هەرچەند غەرقی دەریای بۆگەنی عوصیانتم
خۆ بەدل نەمرۆ بە هیوای بەخشش و غوفرانتم

٢) قامەتم هەرچەند چەمیوە من لەژێر باری گونام
چاوەڕوانی رەحمی عامی واسیعی یەزدانتم

٣) من سکاڵای خۆم لەلای کێ کەم پەنا بۆ کێ بەرم ؟
ذاتی خۆت موشکل گوشایە چاوەڕێی ئیحسانتم

٤) هەر چلۆنێ بم ئیلاهی ئافەریدەی زاتی تۆم
باوەڕم پێتە بە ڕاستی تابعی قورئانتم

٥) ژین و ڕزگاری و بوڵندی عیزەت و زیللەت هەمو
هەر بە دەستی خۆتە ڕەبی مل کەچی فەرمانتم

٦) تاعەتێکی وام نیە لایق بە زاتت بێ بەڵام
با خراپیش بم بە هیوای ڕەحمەتی ڕەحمانتم

٧) نەفسی ئەممارەی خەسیسە دوژمنی دەستە و یەخەم
بۆ جیهادی ئەو سەگە موحتاجی یاری دانتم

٨) خۆ بە دەس (شەیتانە کوێرەو) خێڵی (ئەلخەنناسەوە)
خۆت خەبەرداری کە چۆن عەبدێکی دەستە و سانتم

٩) ڕوو ڕەشی و مووی سپیم هێنایە حاجەت بۆ تکا
وام لە ژێر سایەی کەرەمتا ڕەحمەتێ قوربانتم

١٠) گەر گرانتر بێ لە (شاهۆ) بار و سەرباری گونام
خۆ پەنا هێندە بە خۆت و سەروەری ئەکوانتم

١١) ڕەبی هەرچەند نالەبار و ڕوو ڕەشی دیوانتم
ئافریدەی زاتی پاکی ئەقدەسی سوبحانتم

١٢) باوەڕم وایە کە (حەققن) مورسەلین و ئەنبیات
ئومەتی (فەخری ئەنامم) تابعی قورئانتم

١٣) ڕووی ئومێدم کردە قاپی بارەگاهی ئەقدەست
دەستی پێویستم بوڵند کرد چاوەڕێی ئیحسانتم



١٤) بۆ تکا هێنامە حاجەت مووی سپی فرمێسکی شۆڕ
وا بە هیوای عەتف و ڕەحمی حەزرەتی ڕەحمانتم

## من کە تۆ یارم نەبی

١) من کە تۆ یارم نەبی ئیتر ژیانم بۆ چییە ؟
چی لە شەوق و زەوقی دونیا کەم جیهانم بۆ چییە ؟

٢) دیدەیێک تۆی پێ نەبینم کوێر بێ یا ڕەببی ئەبەد
ناوی غەیرێک گەر بەرێ لاڵ بێ زوبانم بۆ چییە ؟

٣) دڵ ئەگەر بۆ تۆ نەبێ یا ڕەب ئەبەر خەنجەر کەوێ
با (لەت و کوت) داکەوێ بۆ خۆی دڵانم بۆ چییە ؟

٤) بێ جەماڵت گوڵ هەموو خاری (موغەیلانن) لەلام
بێ تۆ ئەی شۆخی زەمان سەیری گوڵانم بۆ چییە ؟

٥) گەر بەهەشتیشم بە تەنیا پێ بدەن (ڕۆژی جەزا)
نامەوێ تۆی تیا نەبێ حاشا جینانم بۆ چییە ؟

٦) (دین و دونیای) تۆیە (شاهۆ) حور و غیلمانی ئەتۆی
جا کە وەختێ تۆم نەبێ هەردوو جیهانم بۆ چییە ؟

## ( ئەگبەتی ئەی گرتبێ )

١) ئەگبەتی ئەی گرتبێ شوکری خوا هۆشیارە کورد
ساحێبی عەقلی سەلیم و ساحێبی ئەفکارە کورد

٢) گەر لەمە و پێش نووستبوون بەینێ لە خاوی غەفڵەتا
ئێستە گەر ئینساف بدەن هەستاوە وا بێدارە کورد

٣) خۆ بە ئینساف گەر تەماشاکەن بە چاوی دیقەتێ
هەر ئەوەی عەیبە کە ئەمڕۆ بێ کەس و خەمخوارە کورد

٤) خۆ بە نیسبەت جەوهەر و جێگە و مەقام و مولکەوە
شاهی و شاهەنشەهی شایستەو و هەموارە کورد

٥) گەر قسەی ساغتان ئەوێ یاران بە ( قورئانی کەریم )
( مردنی پێ چاترە ) لەم خزمەتی ( ئەغیارە کورد )

٦) (بێشە) کەی خالی بووە هەرگیز لە (شێرو کەرکەدنگ)
( شێری شێرخۆری ) تیایە مەردی جەوهەردارە کورد

٧) پرس ئەکەم بەو مەجلیسی [ئەقوامی میللەت پەروەرە]
داخلی ئینسافە ئایا مەحو ئەکەن یەکبارە کورد

٨) شێت نیە ئەم قەومە ئەنکاری هەموتان تێ ئەگەن
هەرچی سێرێکتان هەبێ پاکی لە لا ئیزهارە کورد



### ( ١٠ )

بایەزیدو وان و مووش و ئەرزڕۆم و حەیدەران
ئورفەو خەرپوت و چارێو ئورمیەو شەمزینیان
نەهریەو دیاربەکرو زەرزاوو وڵاتی بارزان
خانەقینو مەندەلیو گۆران و لورو باجەلان
وەك ( کەوا ) ئەیدروون ، بەباڵای مەنطقەی بابانەوە

### ( ١١ )

ئۆردوویێکی شەڕ فرۆشی کوردی موتڵەق ڕێك ئەخەن
دەستەیێکی کینەخواهی جوانو سەر ڕەق ڕێك ئەخەن
بۆ نیشانەی سەربەخۆیی شکڵی بەیرەق ڕێك ئەخەن
عەسکەرێکی مونتەزەم بۆ سەندنی حەق ڕێك ئەخەن
جوانو رازاوە بەتۆپو لاکەلی ئەڵمانـــــــــــەوە

### ( ١٢ )

نەوجوانانی وەتەن یەك یەك وەکو شێری ژیان
پاڵەوانانی بە هەیبەت ، هەر وەکو بەبری بەبان
شۆڕە سوارانی تەهەمتەن ، وەك یەلی مازیندەران
بەچکە شێرانی عەشایر ، بۆ قڕانی دوژمنان
هەر وەکو ڕۆستەم ئەکەونە ، هاتنو جەولانــــــــەوە

### ( ١٣ )

نووکی خەنجەریان ، لەجەرگەی جەرگی دوژمن گیر ئەکەن
دوژمنی دایکی وەتەنیان بۆ عەدەم تەهجیر ئەکەن
موڵکی کوردوستان لە میکرۆبی بەلا ، تەتهیر ئەکەن

پاش قرانی موددەعی ، خاکی وەتەن تەعمیر ئەکەن
رێگەیی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانــــــــــــەوە

( ١٤ )

دەشتو سەحرامان ، ئەبێتە رەوزەیی خولدی بەرین
سەوزو پۆر مێرەو بە رەونەق ، لالەزارو عەنبەرین
جۆگەکان مان پڕ لە ئاوی خۆش گواری ، شەککەرین
کێوو کەژ گشتی ئەبێتە ، باخو قەسری گەوهەرین
بۆ تەماشای ، دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانـــەوە

( ١٥ )

بولبولی تەبعم لە پەروازیە ، هەردەم بۆ چڵێ
وا ئەنالێنێ ، بە کوڵ بۆ غونچە پشکوتووی گوڵێ
ئەو گوڵەش هیوایە ، ( شاهۆ ) بۆی بەداخە گشت دڵێ
لامەدە ( ئەحمەد ) لە باسی میللەتو سا پێی بڵێ
تاکو ساقی زوو بدا ( بادە ) بەدەم ، مەستانــــــەوە

( ١٦ )

بادەگێر هاتوو بەسەرمانا بە عیشوە تێپەڕی
گوێ نەدایە مەجلیسو بادەی بلوورو ساغری
عاشقانی دایە بەر شەستیری چاوی ساحیری
پێی بڵێ ، بەو ساقیە بۆ حسنو نازو دولبەری
داخی خۆی ناوە بە جەرگی یوسفی کەنعانـــەوە

ساڵی ١٩٢٣



# سکاڵای وەتەن [١]

[١] پێم بڵێن یاران ، بزانم بۆچی وا داماوە کورد ؟
بۆچی وا گێژو پەرۆشە ، رەوتی لێ شێواوە کورد ؟

[٢] ماڵو میراتی ، بە ناحەق بۆچی وا ، دابەش کرا ؟
بۆچ لەناو جەمعی بەشەردا ، بێبەشو بێناوە کورد ؟

[٣] کردەوەی ، خۆیە وەهایە ، ڕۆژی ڕووناکی شەوە
کەوتە ناو چاڵاوی خەم ، بنوارە چۆن خنکاوە کورد ؟

[٤] یەك لەگەڵ یەك ، بەد دڵو تینوو بەخوێنی یەکترین
گشتی بوختان چین ، لەحەق یەك بۆیە وابەدناوە کورد

[٥] نۆکەرو یاساوڵن ، بۆ خوێنە خوارانی وەتەن
هەر ئەڵێی ( بۆ نۆکەری بێگانەکان ) خوڵقاوە کورد

[٦] تیرە تیرەو بڕ بڕن ، ئەمیان ئەوی لاهیچ نیـــــــیە
بۆیە بەم حاڵە هەموو دەم قەبری بۆ کنراوە کورد

[٧] رێی ، بەبەختی خۆی نەبرد ، ڕۆژێ بچێتە ریزی خەڵق
داخی داخانم ، لە هاوڕێی دایما جێماوە کورد

[٨] گاه ، ماشەی دەستە پشکۆی پێ هەڵئەگرن بۆفەساد(٢)
گاه ( فتبۆڵە ) ئەوەی هات تێر شەقی پیادا داوە کورد

[٩] خۆی بەزل پیشان ئەدا ، وەختی گوڕەو فیشاڵ ، کەچی
چاوەڕێی پاش خوانی ، خەڵقو کەوچکێ چڵکاوە کورد

(١) ئەم هەڵبەستە لە گۆڤاری هەتاوی ژمارە (١٥٠)ی مانگی شباتی ساڵی ١٩٥٩ دا بڵاو کراوەتەوە .

(٢) ئەم تاقە هۆنراوە لەبەرگی یەکەما لەلاپەرە (١٠٦)دا چاپ کراوە

[١٠] وا تـــەمایان کردە ماڵو موڵکی کوردسـتان هەمەو
هەر کەسێ بۆ خۆی ئەپچڕێ سەیری چۆن پچڕاوە کورد
[١١] سوریـــەش لـــەو لاوە وا قۆڵی جزیرەی لێ بـــڕی
خۆیشی لێڵ ناکا بزانێ ، چی بەسەر هێنراوە کورد
[١٢] دایکی داماوی وەتـــەن ، بۆ یارمەتی هـاوار ئەکا
واجبە فریای کەون ، تا دەرفەتی بۆ ماوە کورد
[١٣] یەك کەون کوردینە بەسـیە ، پشتی یەکتر بـەر مەدەن
کورد هەمیشە کورد بووە ، کوردیش ئەبێ تاماوە کورد
[١٤] مەبنـــە تۆوی ناو دڕك ، هەریـــەك بەلایەکا مەچن
وابکەن ، عالەم بزانێت پیاو بووەو ، هەر پیاوە کورد
[١٥] بەنج کرابوو ، نووستبوو ، ئاگای لەمەرگی خۆی نەبوو
ئێستە وا پیشان ئەدا ( شاهۆ ) لەخەو هەستاوە کورد



# ( جار ئەکێشم )

ساڵی ١٩٤٣

( ١ )

جار ئەکێشم من ئەڵێم کوردم بەدڵ کوردم ئەوێ
کوردی چۆن؟ کوردێکی ساغی بێغەشی مەردم ئەوێ
بێفڕوفێڵ کورد پەرستێکی جەوان ، مەردم ئەوێ
جان فیدائیێکی ، دلێری سافی ، بێگەردم ئـــەوێ
دڵ پەرۆشێکی ، وەتەن کوردێکی هاودەردم ئەوێ

( ٢ )

نامەوێ کوردێك بەخوێنی کوردەکان بازی بکا
خۆی لـە خۆی زوو زوو بگۆڕێ فیزو شانازی بکا
بۆ وەتـەن چاکەی نەوێت بێگانەکان ڕازی بکا
پەیرەوی بیری خراپی کۆمەڵی نازی بکا
نامەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم ئـــەوێ

( ٣ )

هەرچی ناوی تاقە کوردێکی لەلای بێگانە برد
یالە خۆوە خووی خراپێکی لەحەق هاوخوێنێ کرد
یاکە هاتوو کوردەکانی بۆ ئەمو ئەو کردە پرد
واجبە مێشکی بکەیتە ، تووتیا یا ئـاردی وورد
نامەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاو دەردم ئەوێ

## ( ٤ )

کورد یەکبێ کن فەرقی کوردی ژوورو خواری بۆنی یە
فەرقی کوردی کۆچەری و دێهاتو شاری بۆنی یـە
فەرقی کوردی دەشتەکی و ناوشاخو داری بۆ نی یـە
هەرکەسێك فەرقی بکات هیچ اعتباری بۆ نی یـە
نامەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم ئـەوێ

## ( ٥ )

کورد ئـەبێ دایم تەماشـای بنچو بونیادی بکا
سەیری بنچینەی ئەسـاسـی زیدو ئەجدادی بکا
بیر لە ئیشی پاشـە ڕۆژی کوردو ئەولادی بکا
نەك بەتەنیا مەرحەبایەك پشت لە ئەجدادی بکا
نامەوێ کوردێکی وا کوردێکی هاودەردم ئـەوێ

## ( ٦ )

شایقم من بۆ ئەوەی کوردان لەگەڵ یەکبن هەموو
یەك دڵو یەك تاقمو یەك کۆمەڵو یەك بن هەموو
وەك برایەکی بەراستی دەس لەمل یەك بن هەموو
نەك لەبەر نەفعێکی عادی دوژمنی یەك بن هەموو
نامەوێ کوردێکی وا کوردێکی هادەردم ئـەوێ



# ( ئێوەبن و خـوا )

١ - کوردە ئێوە بنو خوا بەسیە لەگەڵ یەك شـەڕ مەکەن
قەت بەهووشـەو لووشـە لووشی دوژمنان باوەڕ مەکەن

٢ - خاکی کوردستان بەخوێنی یەکتري ڕەنگـین مەکەن
دوژمنی ناوخۆ ! بـە واتەی .... بێفەر مەکـەن

٣ - نۆکەری بێگانەکان سـەر شۆری یە بۆ کوردی مەرد
تێکەڵی قـازو قوڵنگو لەق لەق سەرگەڕ ، مەکەن

٤ - ڕوو ڕەشی مێژوو مەبن دەستتان نەچێتە خوێنی یەك
کورد برای کوردە بەخوێنی یەکتری دەس تەڕ مەکەن

٥ - چاوێ هەڵ بێنن تەماشای بنچو بونیاد تـان بکەن
لاپەڕەی مێژوو بەکردەی ناڕەواتان پڕ مەکەن

٦ - دەرفەتی زۆرتـان لـە دەسدا هەر بەفیشاڵو درۆ
چاو لەرەفتاریان مەپۆشن گوێ لەعاستیان کەڕمەکەن

٧ - جەوری ئەم هۆزە بەجۆرێکە بەرامبەر قەومی کورد
قەت لەبیر ناچێتەوە ( شـاهۆ ) لەبیری دەر مەکەن

## ( بێ‌نگینن )

[١] خوایا ئێوه ڕەببی عالەمینن
خەبەرداری چلۆنی سەر زەمینن
[٢] ئەزانن کۆمەڵێ ئیسلامی جاهل
بە تەحریکی ئەوانەی مولحێدینن
[٣] لەسەر ئادابی جوانی دینی ئیسلام
هەموو دەرچوونوو ، دواکەوتووی لنینن
[٤] نە بڕوایان بەدین ماوە نە ئایین
بەڵێ دوژمن ، بە ئایینو بە دینن
[٥] هەموو مونکیر بەزاتی ئەقدەسی تۆن
ڕەفیقی ساغی شەیتانی لەعینن
[٦] بەڵام بڕوای بەزاتی تۆیە ( شەیتان )
ئەوانەی چەوتە ڕێیان بەد ترینن
[٧] وەکو کرمی نەخۆشی سیل بڵاون
خەریکی مەحوی دینی موسلیمینن
[٨] وەکو گورگی دڕەندەی هاری خوێن‌خوار
خەریکی خوێن مژینی سالیمینن
[٩] بەبێ شەرمی تەبەرایان لە تۆیە
هەموو کۆیلەی سەرۆکی کرملینن
[١٠] ئەمانە کۆمەڵێك‌یان تازە کوورەن
هەوا خواهو سەنا خوانی ( پەکینن )
[١١] کە مۆژیاری کرێن گاهێ بەقورئان
بە ئیستێهزا لە قاقای پێ‌کەنین




[١٢] ئەڵێن ئەم دەنگو باسە بێ ئەساسە
هەموو هەڵبەستی خێڵی مورسەلینن
[١٣] موسڵمانان لە شەرقو غەربی دونیا
لەناو لادینەکانا ، بێ‌نگینن
[١٤] خسوسەن کوردی بەدبەختی سیاچار
هەمیشە ماتو خەمبارو حەزینن
[١٥] هەمیشە ماڵ براوو بەش خوراون
هەمیشە ژێر چەپۆکەی غاصیبینن
[١٦] لەبەر جەورو جەفای بێگانە دایم
لە گیانو ماڵی خۆیان نائەمینن
[١٧] وڵاتیان پڕ لە خەیراتە وەلێکین
بەتاڵان چووی گرۆهی زالمینن
[١٨] خەزێنەی زێرو زیوی باوکو باپیر
لەناو خاکی وەتەن یانا دەفینن
[١٩] بەڵام خۆیان لەخەیری بێ‌نەسیبن
ئەوانەی خەڵقی ژوورو خۆر نشینن
[٢٠] لەگەڵ هاوسێ بەخۆشیو سەربەخۆیی
بەماڵو موڵکی کوردان خۆئەژێنن
[٢١] کەچی کوردیش لەداخانا هەمیشە
خەریکی ئاهوو ناڵینو گرینن
[٢٢] خەتا هەرچەند لەسەرخۆیانە (کوردان)
لەگەڵ یەکدا بەقارو جەورو قینن
[٢٣] لەگەڵ یەك تاڵو ترشو تونـدو تیژن
لەگەڵ بێگانەدا وەك هەنگوینن

[٢٤] خوایا سا بەحەقی زاتی پاکت
بەوانەی لات شەفیعی موزنیبینن

[٢٥] بەزەییت بێت بە ئیسلاما ئەگەرچی
گوناهبارو رەفیقی فاجرینن

[٢٦] هیدایەتیان بدە بۆ رێی حەقیقەت
کە رێگەی راستی ئەسحابی یەمینن

[٢٧] ببەخشە جورمی (شاهۆ)یشت کە ئێوە
گوناە بەخشی عومومی موجرێمینن





# ( ئەوەی ئەمڕۆ )

سالی ١٩٤٨

[١] ئەوەی ئەمڕۆ بەنامەردی دەسی حوکمی لەسەرمانە
بزانن ، خوێنەخۆری خۆمان و باپیرو پودەرمانە

[٢] بەفیشالو درۆو حیلە فریب یان داینەوە دیسان
نەتانزانیوە باوەڕ بەم گرۆهانە (١) زەرەرمانە

[٣] لەرۆژی شۆرشا دەرفەت هەبوو،ئاخر لەدەستماندا
لەدەست دانی هەلی وا مانیعی فەتحو زەفەرمانە

[٤] ولاتی کوردەواری گشتی میراتی گەلی کوردە
بەلێ میراتی ( باوباپیری ) پڕ هێزو هونەرمانە

[٥] زمانی حالی کوردستان ، ئەوا هاوار ئەکا دایم
ئەلێ من مالی کوردم ، شاخو بنبەردی سوپەرمانە

[٦] بەخوێناوی گەلی کورد ئاودرا دەشتو دەرو دۆلی
گولالە سوورەکانی بەرهەمی خوێنی جگەرمانە

[٧] لەسەرماف و حەقیخۆمان ئەوەی سوپلەو دراوسێیە
هەمیشە هێزی جەنگو تۆپو تەییارەی لەسەرمانە

[٨] ئەوەی مستەعمێرن چاویان لەعاستمان کوێرە نابینن
کە ئەم مەخلۆقە نامەردە چە جەورێکی لەسەرمانە

[٩] ئەرێ ئەی (کۆمەلییەکگرتوو) تاکەی پرسیار ناکەن
بزانن ئەم دوڕوندانە چە مافێکیان لەسەرمانە ؟ ؟

[١٠] بەدەم خۆ ئیددیعایان وایە پشتیوانی مەزلوومن
بەلام دەرکەوت کەهەر فیشالە چی ئەی کەن زەرەرمانە

---

لە دەست نووسێکی ترا ( بەم سەگو گورگە ) نووسراوە

[١١] هەموو عالەم خەبەرداری ووشەی ئەم کۆمەڵەن (شاهۆ)
قسەی بێ کردەوەو پووچیان لەبەر مەددی نەزەرمانە

## ( بۆ گۆڤاری شـــەفەق )

[١]

[١] شەفەقی ڕوونـاك سوبحی ئومێـدم
هیلالی ڕۆژی جەژنی سەعیـــدم

[٢] تەرجمانی حاڵ دڵەی نـــەومێدم
هیوای پاشە ڕۆژ وەتەنو زیـدم

---

[١] ئەم دوو هۆنراوەی لەگەڵ نامەیـــەکا ناردوەیەتی بۆ گۆڤـاری ( شەفەق ) تا هەڵبەستی ( بەهارە ، وەخەوەکەی ) بۆ بـــڵاو کاتەوە ، بەداخەوە بۆی بڵاونەکردوەتەوە ( بەهارو ، خەوێك ) کەدوو پارچە شیعری جوانن / لە بەرگی یەکەمی دیوانـەکەدا بڵاوکراونەتەوە .





## ( سـکـالاّی دەروون )

[١]

(١) کوردینە ئێوە ، خۆ موســـڵمانن
بـە خواو پێغەمـــەر خاوەن ئیمانن

(٢) تابێع بـــەحوکمی جوانی قورئانـن
ساحێب بەزەیی‌و عەقڵ‌و ویجـــدانن

(٣) چۆن ڕەواتـــان دی بەقسـەی دوژمن
ڕۆڵەی کورد بە کورد بدەن بەکوشـتن

(٤) ڕۆڵــە ڕۆی دایك‌و باوك کوژراوان
قیژەی باوکەڕۆو ، ناڵەی هەتیوان

(٥) نەهاتە گوێ تـان لەنـاو ماڵان دا
بـــەزەیی‌تـان بێ بە منداڵان دا

(٦) بۆچ گەلی کوردتان خستە مەترسی ؟
بە واتەی ناحەق ( بۆ پارەو کورسی )

(٧) لاپەڕەی مێژوی خۆتان بۆچ رەش کرد؟
لە کوردایەتی خۆتان بێبەش کرد ؟

(٨) وڵات‌تان ڕەنگ کرد بـەخوێنی کوردان
لەسەر راوێژ و ووشـەی نامەردان

(٩) ئەم کردەوانـــەی لێتان ئەبینرێن
دڵی موسڵمان پڕ ئەکەن لە خوێن

(١٠) کوردستان موڵکی گەلی کوردانـە
جێگای ئارامگای شێری مەردانـــە

---

[١] ئەم هەڵبەستەی لەڕۆژی ٩٦٥/١١/١٦ لەهەڵەبجەدا ڕێكخستوە .

(١١) پاسی پێویستە لە دەست داگیرکەر
بەپێی فەرموودەی خواو پێغەمبەر

(١٢) مەگەر نەت بیستووە ، یاخۆ نازانی
( حب الوطن من الایمان )

(١٣) ئەوانەی ئەگرن لاینی دوژمن
نێرە مووکێکن ، نەپیاون ، نەژن

(١٤) ئەوەی خوێنی کورد بە کورد ئەڕێژێ
سزای کردەوەی خۆی هەر ئەچێژێ

(١٥) مێژووی کوردستان ڕووڕەشی ئەکات
لە نەتەوەی خۆی بێبەشی ئەکات

(١٦) ئێستاش تا زووە وەرگەڕێنەوە
لە کردەوەی بەد بگەڕێنەوە

(١٧) با دایکی وەتەن لێتان ببورێ
ئازادتان بکات بە هەموو جۆرێ

(١٨) دوژمن بۆ ئێوە نابێ بە برا
بۆ ڕۆڵەی کوردا [ هەر کوردە برا ]

(١٩) کورد وڵاتی خۆی نادا بەهیچ کەس
خۆیشی قەت ناکا بەکۆیلە بۆ کەس

(٢٠) مالی میراتی باوك و باپیری
ئەبێ بەش بکرێت لە جوانو پیری

(٢١) بەڵام کورد هەموو بەحوکمی قورئان
برای دڵسۆزن بۆ موسڵمانان

(٢٢) یاري دەریانن لە تەنگانەی سەخت
نەك بە نۆکەري ببن بەژێر دەست



(٢٣) داگیرکەرانیش با چاو هەڵێنن
چوار دەوری خۆیان زۆر باش ببینن

(٢٤) با سەریان نەدەن بەشاخی کوردا
نەك ملیان بشکێ لە شیوو هەردا

(٢٥) کورد نەنووستون هەستاون لە خەو
گشت خەبات ئەکەن بەرۆژو بەشەو

(٢٦) چاو کراوەن و هەموو بێ دارن
لە حاڵ و ئەحواڵ گشت خەبەردارن

(٢٧) تا وولاتی خۆ نەسێننەوە
لە داگیرکەران ناحەسێنەوە . .

(٢٨) سەرۆك بەرێزو دڵسۆزە بۆ کورد
هەڵ ناخلەتێ بە ووشەی نامەرد

(٢٩) خەباتی کردووە بە ماڵو بەدەن
بۆ رزگاری کورد لە جەوری دوژمن

(٣٠) بۆ سەربەخۆیی کورد و کوردستان
قوربانی داوە بە توولی زەمان

(٣١) تەفرەی نەخواردوە بە پارە و بە پوول
بە وەعدی درۆو ووشەی نامەعقووڵ

(٣٢) نایلێ خەزنەی پڕ زێڕو زیوی
بدرێت بە دوژمن ببێت بەخێوی

(٣٣) مەرجی وای کردووە یا ئەبێ بمرێ
یا کوردستان یان لەدەست وەربگرێ

(٣٤) ئیتر بێ سوودە ئەم فاکو فیکە
رۆژی سەرکەوتن ( شاهۆ ) نزیکە

## ( رەببی ، ئێمە عەبدی خۆتین )

(١)

(١) رەببی ئێمە ، عەبدی خۆتین ئاگەداری چۆن ئەژین
ژێر چەپۆکەی کۆمەڵێکی نالەباری . . . . .

(٢) بێ ئەوەی حەقیان لەسەرمان بێ بە . . . . . . .
دێنەسەر دێهاتی بێچەکمان لە بۆ کوشتو برین

(٣) خۆ کەهاتیشن ئەوەی ئەیکەن بەخێزانی هەژار
قەت نەبیستراوە لەدەورەی پیسی چنگیزی لەعین

(٤) ئێمە ئیسلامین ئیلاهی ئۆمەتی فەخری بەشەر
بیرو بروامان بەتۆیەو ، ئەنبیاوو مورسەلین

(٥) پێشەوامان ( ئەو کەلامە جوانەتە ) وا (جەبرەئیل)
بۆ خەلات ، هێنایە خزمەت ( رحمة للعالمین)

(٦) ئەم گرۆهە کەی موبالاتیان بە ( ماآنزلت ) بووە
تابیعی قانونی کوفرن بێ موبالاتی لە دین

(٧) رەببەنا تۆ زاتی پاکو سێری ئیسمی ئەعزەمت
تۆ بیتوو فەخری ئەنام و ئەنبیات و سالحین

(٨) زوو بەزوو حەقمان بسێنە لەم دورندانە کەوا
خوێن مژی پیرو منالن زکدڕی دایکی حەزین

(٩) ئیلتیماسی وایە ( شاهۆ ) زوو بسێنێ تۆڵەمان
لەم گرۆهە خوێن مژانەی پیسی بێئیمانو دین

---

(٩) ئەم هەڵبەستەی لەکاتی شەری ئێرانو جوانرۆدا رێکخستووە



## ( کورد سەپانی دایکی کەس نین )

(١) کورد سەپانی دایکی کەس نین پاسی کوردستان ئەکەن
پەیرەوی : ( حیزبی تەعالی ) شاهی شەهزینان ئەکەن

(٢) زۆڵە کورد دیسانەوە کەوتوونە خول ، بۆ ئاژەرین
وا خەریکی بەندو باون ، ماڵی کورد وێران ئەکەن

(٣) با سەرۆکی زانیاری ، تێبگات کوردی دلێر
گشت لەرێی خاکی وەتەندا ماڵو سەر قوربان ئەکەن

(٤) سەرحەدێکی موڵکی کورد چۆمی ..... ئابەدان
ئیددیعای ئەو خەتە تا سەر حەدی لورستان ئەکەن

(٥) کوردو کوردستان بەپێی مێژوو بزانە کامەیە
گشتی داوای .... .... خاکی بادینان ئەکەن

(٦) با بزانن دۆستو دوژمن کوردو کوردستان هەموو
ئیددیعای ئەڵوەندو گشتی مەنتیقەی سیروان ئەکەن

(٧) موڵکی باو باپیری خۆیانە مەحالی : بارزان
رێکو راست داوای .... .... .... ئەکەن

(٨) خانەقینو مەندەلیو کوفریو وولاتی شارەبان
زیدو ماوای کوردەکانن بۆچییان پەنهان ئەکەن

(٩) عەقرەوو زاخۆو عەمادی بیرەکەپرە مێرگەسوور
بۆ دیفاعی ماڵی کوردان سەرفی گیانو ماڵ ئەکەن

(١٠) کوردی هەولێرو سلیمانیو هەڵەبجەو شارەزوور
حازرن بۆ تۆڵەسەندن چاوەڕێی فەرمان ئەکەن

(١١) پشدەر و مەرگە و رەواندز ، چەمچەماڵ و بازیان
رانیەو کۆیسنجقیش سەنگەرکەری کەیوان ئەکەن

(١٢) عێلـەکانی کۆچەری و دێهاتـەکانی شاخ و کێو
سەربەخۆ داوای جوانرۆ و مەنتیقەی بۆکان ئەکەن

(١٣) موختەسەر بۆ پاسی مافی کوردو کوردستان هەموو
هەروەکو ( شاهۆ ) رەفیقی عەشرەتی بەرزان ئەکەن

## ( قورئان )

(١)

(١) قورئان کە نووری رۆشنی رێگەی هیدایەتە
نێررا بـەتایبەتی کە ببێتە خەلاتی تۆ

[١] ئەم تاکە هۆنراوە هی هەڵبەستی ( بۆ پێغەمبەر ) ە ... پێنجەمین هۆنراوەیە لەکاتی چاپ کردنی ئەو هەڵبەستەدا لەبەرگی یەکەما لەبیر چووە چاپ کرێت وا نووسرایەوە .



## ( بیروبڕوام وایە )

ساڵی ١٩٤٨

[١] بیرو بڕوام وایە من ، دەرحەق بەهاوسێو دەورو بەر
ئەو سەگی هارە ، ئەمانیش ، گورگە مێشو جانەوەر

[٢] نابێ کورد لێیان ئەمین بێ ، با هەزار بڕیار بدەن
کردەوەو جەوری لەمەو بەریان ، بهێننە بەر نەزەر

[٣] جەنگی ئەوەڵ هێزی یۆنانی کە هاتنە ( تورکیا )
( کورد ) بەناوی دینەوە ( وەك شێر ) لەلانە هاتنەدەر

[٤] دەست بەجێ خۆیان کەیاندە کۆڕی مەیدانی نەبەرد
رۆستەمانە دەس بەچەك مەردانە تاویان دانە سەر

[٥] وا هوجومیان بردەسەر دوژمن وەکو شێری ژیان
کون نەبوو خۆیان ، تیاکرن ، ڕۆژێکی وایان کەوتەبەر

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩

[٦] سەلك‌و لاشەو قاچ‌و قول سینەو دەس‌و پێ‌و قورگ‌و مل
کەوتبوون لەو ناوەدا بوو بوونە چەشتەی جانەوەر

[٧] [ یەشە سن کورد ئەرسەلان لەر ] تورکیای کەڕ کردبوو
چونکە کورد تورکیان نەجات دابوو لەئەندێشەو خەتەر

[٨] پاش ئەوەی تۆزێ پشوویان دا ، لەجیاتی پیاوەتی
بوون بە گورگی هاري سپڵەو نانە خۆری سفرە دڕ

[٩] دڵنیا بوون کوردەکان اەو خزمەت‌و قوربانیەی
کردبوویان بۆ خەلاسی تورك لە مەرگی مونتەزەر

[١٠] گەر ئەمین نەبوایە کورد چۆن ئەو سەرۆکانەی هەموو
وابە ئاسانی ئەگیران بۆ ( .... ) لاوەر

[١١] گەر بەمەکرو فێڵو حیلـەو هێمنی نەبوایە چۆن ؟
جورئـەتی ئەویانە بوو بگرن ( بەلانی نام دەر )

[١٢] کارەساتی دەرسـیم و دیاربەکرو وانو ئـەرزو ڕۆم
شـاهێدن بۆ بەد نێهـادی جنسی سوپلەو سەگ پـەدەر

[١٣] ( عصمتو گورسێل ) کە کوردن چاکەیان بۆکورد چی‌یە
خۆ بەسە هویش ناوی کوردێك یان لـەدەم نایتە دەر

[١٤] هەروەها ( یاسین و تاهای ) کوردی عێلی کاکەیی
یا وەکو ( نوری سەعیدی ) کوردی خەڵقی ئاغجەلـەر

[١٥] ( پەهلەوی ) گەر کوردە راستە بۆچی ئەم کوردەی هە-وو؟
بێ قەباحەت گرتنو ناردنیە نـاو قەسـری قەجەر ؟

[١٦] بۆچی خوێنی کوردەکانی ڕشت ، بەجەڵلا دانی فورس ؟
بۆچ لەداری دا سەرۆك کۆماری کورد (قازی نەمر) ؟

[١٧] کاکەگیان ئەم جۆرە کوردانـە کەوا باسیـان کرا
بۆ مەرامی کاری خۆیـان ئێمەیان وا نایـە قوڕ

[١٨] کورد ئەبێ ( هیوای بەخۆیو یەکیەتی خۆی بێ ) هەموو
تێ بکۆشن پێکـەوە ، تـاکو لـەژێر بـار دێتە دەر

[١٩] هەوڵ بدەن تا خاکی پاکی موڵکی کوردستان هەموو
پاکو خاوێن کەن لە پیسی دوژمنانی ماڵو سـەر

[٢٠] ئێشو ئـازار و خراپـەی ئەم گروهە خوێن مژە
قەت لەبیر ناچێتەوە ( شـاهۆ ) هەتا ئاخر سەفـەر



# ( فێـڵ ئـەکەن )

[١] کوردی مەرد ئەم نالەبارانە لەگەڵمان فێڵ ئەکەن
لەو وتوو وێژەی کە بوو خۆیانی وا لێ وێڵ ئەکەن

[٢] گەرچی بڕیار بوو ( برابین ) مافی خۆیشمان وەرگرین
ئێستە لەو ( بڕیارە دایان ) وا ئەوا خۆ گێل ئەکەن

[٣] بۆ ئەوەی شۆڕش بشێوی کورد بەگژ کورد ئـەدەن
دیارە ئەم هۆزە هەمیشە ڕاو لەنـاوی ئێڵ ئەکەن

[٤] کورد نەنووستون ، ئاگەدارن بیرو بڕواتان چی‌یـە ؟
تێ گەیشتوون ، هەر خەریکن مافی کورد پێ‌شێل ئەکەن

[٥] نۆکەری ( قیبتی کەنانـەن ) مل کەچن بۆیان ، کەچی
والـە ئێمە ئیدیعـای خاوەو ، مژەو ، بەرتیل ئەکەن

[٦] گێرە شێوێنانی کوردیش یارمەتی دوژمن ئەدەن
پشت لەباو باپیری خۆیانو گەلو سەر خێڵ ئـەکەن

[٧] مەبدەئو غایـەی ئەمانە ( جاهو پوولو پـارەیـە )
ڕوو ڕەشی خۆیان لە مێژووی کورددا تەسجیل ئەکەن

[٨] کوردی تێکۆشەر وەکو ( شاهۆ ) هەمویان شـارەزان
کێ ، بەڕاستی دێتە ریزو ، کێ بەچەوتا هێل ئەکەن

## ( چاوی دەربێنێ )

ساڵی ١٩٤٨

(١) کورد پێویستە بۆی کە موسڵمان بێ
بڕوای بە خواو پێغەمەران بێ
(٢) خاوەن ئایینو دینو ئیمان بێ
موتیع بە حوکمو ، ئەمری قورئان بێ
(٣) کورد کەوا نەبوو ، عەمری نەمێنێ
جرووجانەوەر ، چاوی دەربێنێ

× ×

(٤) کورد ئەبێ دایم ، چاوی هەڵهێنێ
دەورو بەری خۆی ، زۆر باش ببینێ
(٥) بەدرۆو فیشاڵ ، ئیمان نەهێنێ
تێ کۆشێت بۆ خۆی ، کەخۆی بژێنێ
(٦) کورد کەوا نەبوو ، عەمری نەمێنێ
جرووجانەوەر ، چاوي دەربێنێ

× ×

(٧) کورد وولاتی خۆی لەیەك پچڕا بێ
ماڵو میراتی ، لێ زەوت کرابێ
(٨) لە نانو ئاوی ، مەحرووم کرابێ
نابێ مل شۆڕ کات ، بەمە ڕەزا بێ
(٩) کورد کەوا نەبوو ، عەمری نەمێنێ
جرووجانەوەر ، چاوی دەربێنێ

× ×



(١٠) کوردێ کە زانی بێگانەو ، دوژمن
دەماری ژینی ، دەردێنن لە بن
(١١) بۆ دڵۆپێ نەوت ، یا چنگێ توتن
گەر نەهاتە دەنگ ، نەپیاوە ، نەژن
(١٢) کورد کەوا نەبوو ، عەمری نەمێنێ
جرووجانەوەر ، چاوی دەربێنێ

× ×

(١٣) کورد کە خاوەنی گەنجی شاراو بێ
ساحێبی چەند جۆر مەعدەنی خاو بێ
(١٤) نەبێ سەربەستو ، چاو نەترساو بێ
هەر کێ رێ نەدات ، کە بەش خوراو بێ
(١٥) کورد کەوا نەبوو ، عەمری نەمێنێ
جرووجانەوەر ، چاوی دەربێنێ

× ×

(١٦) کورد کە دارایی ئاڵتوونی ڕەش بێ
چۆن قبوول ئەکات ماڵی بەش بەش بێ
(١٧) بۆ ئەملاو ئەولایە مفت پێشکەش بێ
خۆیشی لە خەیرو بێری بێ بەش بێ
(١٨) کورد کەوا نەبوو عەمری نەمێنێ
جرووجانەوەر چاوی دەربێنێ

× ×

(١٩) کورد ئەبێ دایم تا ماوە کورد بێ
نابێ دوا کەوتووی درۆی نامەرد بێ
(٢٠) ئەبێ تێ کۆشێ ئازاو مەرد بێ
هەمیشە ووریای رۆژی نەبەرد بێ

(٢١) کورد کەوا نەبوو عەمری نەمێنێ
جڕوو جانەوەر چاوی دەربێنێ
× ×
(٢٢) کورد ئەبێ مێژووی بێنێتە بەر چاو
وەربگرێت بیرو تەجروبەی تەواو
(٢٣) خۆی ڕێسوا نەکات بۆ سوپڵەو بەدناو
تابە ( موفت ) نەکرێت بە ( پۆری خوراو )
(٢٤) کورد کەوا نەبوو عەمری نەمێنێ
جڕوو جانەوەر چاوی دەربێنێ
× ×
(٢٥) بەبیرو بڕوای نەفامو جاهێل
یاخۆ بە ووشەی لا دینی بە فێڵ
(٢٦) نابێ کوتو پڕ ، دەربچێ لە هێڵ
بناغەی شەرەف ، دەربێنێ بە بێڵ
(٢٧) کورد کەوا نەبوو عەمری نەمێنێ
جڕوو جانەوەر چاوی دەربێنێ
× ×
(٢٨) ( شاهۆ ) کورد ئەبێ هەتا بمێنێ
( تۆوی یەکیەتی ) بۆ کورد بچێنێ
(٢٩) ڕقو دوژمنی ، هەرگیز نەڕوێنێ
دڵی کوردەکان نابێ بشکێنێ
(٣٠) کورد کەوا نەبوو عەمری نەمێنێ
جڕوو جانەوەر چاوی دەربێنێ



## ( دڵسۆزی کوردە )

[١] ..... دڵسۆزی کوردە هەڵبژێراوی گەلە
مەردی مەیدانی نەبەردە ، نووری دووچاوی گەلە
[٢] هەر لەکەنجی تاکو ئەمڕۆوە ، بەخۆیی‌و عەشرەتی
وەك فیدایی هەوڵو قوربانی لە پێناوی گەلە
[٣] چەند مشووری بردە بێگانەو وولاتی پشکنی
بۆ نەجاتی کوردو کوردستانی پچڕاوی گەلە
[٤] کورد ئەبێ مەردبن هەموو یاری بدەن بۆپێشەوە
ناحەزی ئەم شێرە مەردە کاکە بەدناوی گەلە
[٥] هەر کەسێك مێژووی ژیانی ئەم (یەلەی) دیبێ تەواو
تێ دەگات ئەم پاڵەوانە ئەوەڵین پیاوی گەلە
[٦] لامەدەن ،هەرگیز لەرێگەی (رێك‌و ڕاستی‌و یەکیەتی)
تەفرەقەو چەوت‌و چەوێڵی ژەهرو زووخاوی گەلە
[٧] دوژمنی دەستەو یەخەن (شاهۆ) دراوسێکانی کورد
( خۆ مەڵاس دانیان ) بەهیوای دووبەری لاوی گەلە

## ( دەرسی عیبرەت )
[١]

سالی ١٩٤٨

(١) ............ بڕیاری جێی بڕوا نییە
چی بەدەم ئەیڵێ درۆیە ناو دەروونیوا نییە

(٢) دەستی بوو کاتێك وەها چاوسوور ئەکات وەك گورگیهار
فەرقی جوانو ئافرەت و پیرو منالی لا نییە

(٣) کاتی بێدەستیش وەهایە خۆ بە مەڕ پیشان ئەدا
کردەوەی شاهیدە نا ڕاستە هیچی وا نییە

(٤) زۆر کەرەت دەستمان چڵووزاوە بەپشکۆی دوژمنا
بەسیە بەس بڕوا بەمانە شێوەیی دانانییە

---

### تێبینی : ـ

١ ـ ئەم هەڵبەستە بریتییە لە (٧) هۆنراوە بەناوی ( جێی بڕوا نییە ) وە لەلاپەڕە ( ٨٨ ) ی بەرگی یەکەمی دیوانەکەدا ( ٤ ) هۆنراوەی چاپ کراوە .

٢ ـ هۆنراوەی (٦) شەشەمیش لەلاپەڕە (٤٦) ی دیوانەکەدا لەژێر ناوی ( کۆمەڵێکن ) چاپ کراوە .

٣ ـ نیوە هۆنراوەی یەکەم لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەدا بەم جۆرە چاپ کراوە : ـ

( دوژمنی خوێنمژ برا بڕیاری جێی بڕوا نییە )

٤ ـ ( لەبەر ئەم هۆیانە هەموو ) وابە چاك زانرا ئەم هەڵبەستە دووبارە بەتەواوی هەمووی لەم بەرگەدا بنووسرێتەوە .



(٥) کوردە پێویستە لەمانە دەرسی عیبرەت وەرگرن
بۆ مەرامو مافی کورد ئەم هۆزە جێی بڕوا نییە

(٦) کۆمەڵێکن بێفەڕو ، بێ مروەتو ئینسافو دین
سەیری هەر کامیان ئەکەی چاکەی لەناو چاوا نییە

(٧) ......و چاکە و مرووەت ، ......و پیاوەتی
قەت نەبیسراوە ببێ ( شاهۆ ) شتی ناوا نییە

## ( موتیعی حوکمی قورئانم )
(١)

(١) نەبابیمو ، نەزەردەشتی ، نەموڵحیدم ، نەماسۆنم
نەمارکیسمم ، نەلادینم ، موتیعی حوکمی قورئانم

---

(١) ئەم تاکە هۆنراوە هی هەڵبەستی ( موسڵمانم ) ە لە بەرگی یەکەما چاپ نەکراوە وا نووسرایەوە بۆ بەرگی (٢) .

## ( ئەی کوردی ستەم دیدە )
(١)

[١] ئـــەي کوردی ستەم دیدەیی مەزلومی سیـاچار
وەی میللەتی مەعسوومەیی بـەد بـەختی گرفتـار
تاکەی لەخەوان ئێوەوو ، دوژمن هەموو بێدار ؟
تا چەندە ئەبێ مەست بنو خەلقی هەموو هوشیار
خۆتان ئەکەنـە مەزحەکەیی مەحرەمو ئـــەغیـار

[٢] عالـــەم هەموو مەشـغوولی تەلاش و دەس‌و بردە
هەر میللەتە بۆ خۆیە ، خەریـکی زەد و خوردە
هەر کەس لەبۆ خۆی حاکمی خۆیە وەکو مەردە
مەحروومی هەموو قەومێ ، فرۆمایـەی کوردە
ماتەم زدەوو سووکە ، پەرێشان و ، گرفتـار

---

(١) تێبینی : –

١ـ ئەم هەلبەستە هێندێکی لەسالی (١٩٢٧ ) دا لە پەیژەدا بـــلاو کراوەتەوە بەناوی ( گلەیی ) یەوە .

٢ـ لەکاتی چاپ کردنی بەرگی یەکەمی ( دیوانی شاهۆ ) دا نەکرا هەمووی بەسەر یەکەوە چاپ کرێت چەند برگەیەکی لەلاپەرەکانی ١٠٠ ، ١٠٩ ، ١١٠ ، ٨٤ ، ٢١ ، ٩٥ ، ٦٩ ، ٥٢ ، ٧٩ ، ٧٢، ٨٠ ، ٤٧ ، ٩٥ ، ٩٨ ، ٩ ، ٣٢ ، ٢٥ دا بەجیاجیا چاپ کراون بلاوکراونەتەوە .

٣ـ وا بەچاك زانرا هەمووی دووبارە بۆ ئەم بەرگە بەسەر یـەکەوە بنووسرێتەوە .

( کاردۆخی )



[٣] ئەو میللەتو قەومانە لەوەو پێش کە زەبون بوون
ئەو تایفەو تاقمە ، ئەوساکە کە دون بوون
ئـەو خەلقە لەبەر جەهلو نیفاق غەرقەیی خون بوون
هەستان لەخەوی غەفلەتو ، دارای فنوون بوون
ئێستاکە هەموو بەگ لگ نوو ، شاهوو حوکمدار

[٤] کوردیش ئەبێ هەر عەبدو غولامی ئەمو ئەو بن
هەر بارە بەرو ، ماتەموو شان ریش‌و جەدەو بن
بێهۆش‌و سەراسیمە لـەدووی خەلقی ..... بن
چاویان لەمو لەوبێت؟ نەبەئەم بن نەبـە ئەو بن
بێعیلمو جگەر پارەوو ، مەحزوونو خەفەت بار

[٥] ئەم جەهلو نیفاقو سەفەهو زیللەتە ، تاکەی ؟
ئەم بێشەرەفیو خۆ خۆری یەو غەفلەتـە تاکەی ؟
ئەم بوغزو شیقاقو حەسەدو عەزلەتە تاکەی ؟
بێفکری یو سەرخۆشی یی ئەم میللەتە تاکەی ؟
تاکەی ئەبنە مەسـخەرەیی عـالەمی هوشـــیار ؟

[٦] بەس تالبی تالانی یەك و کوشتنی یەك بن !!
بەس ساعی یی بێ دەستی یو دەست بەستنی یەك بن!!
بەس مایلی فەوتانی یـەكو مردني یەك بن !!
مەشغوولی برایی یەكو یەك خستنی یەك بن !!
تا کۆمەلو یەك دەستەو یەك بن وەکو ئەغیـار

[٧] هەستن لە خەوێ خزمە دەم و چاوێ بشۆرن
چاوێکی هەڵهێنن لـە چەپو راسێ ، بنۆرن
پرسێکی لەیەك کەن لە چە ئەحواڵو چەشۆرن
ئەم عالەمە بۆچ عاجزو بێ کەیفو سروورن
بۆچی ئەکەن ئەم کوردە ئەقیرە هەموو هاوار ؟

[٨] ئەم دەنگو هەراو ناڵەوو شینە لە چەلایە ؟
ئەم ئاهی جگەر سۆزو گرینە لە چەلایە ؟
ئەم گشت جەزەعو کوشتو برینە لەچەلایە ؟
سەرچاوەی ئەم چەشمەی خوێنە لە چەلایە ؟
چی بێ ئەبێ ئەم شۆرشو غەوغایە ، لە ئەقتار ؟

[٩] ئەم دەنگە هەموو ناڵەیی کوردانە لەدەس غەیر
ئەم شۆرە سەرای شیوەنی کوردانە لە دەس غەیر
ئەم نرکە هەموو سۆزشی کوردانە لەدەس غەیر
ئەم خوێنە گەشە خوێنی شەهیدانە لە دەس غەیر
ئەم نەعرە هەمووی نەعرەیی کوردانە لە سەردار

[١٠] وا چاکە هەموو موتتەحیدو یەك دڵو چابن
بۆ یەك نەوەکو دەستەبرا عەینی برا بن
مەردانە لە بۆ مەقسەدی یەك پشتو پەنا بن
بەو شەرتە هەموو تابیعی ئەحکامی خودا بن
تا جوملە رەهابن لـە دەسی دوژمنی غەددار



[١١] دوژمن ، لە هەموولا چەبە چەپدا چەبە راسا
بۆ میللەتی کورد شەو و رۆژو وان لە مەلاسا
دایم ئەوەیان والـە سەروو فیکرو حەواسا
ریشەو رەگی کورد بێنەدەر هەر لە ئەساسا
شایەد کە نەمێنێ نـەفەرێ کوردبێ لە ئەقتار

[١٢] کوردیش لەهەموو لاوە ئـەوەند مەستو غوورن
سەرخۆشی مەیو غەفلەتو بێ حیسو شعوورن
بێ هۆشو سڕو بێ خەبەرو مەستی خوموورن
گەه ئەهلی تەرەب گاه خەریکی شەڕووشۆرن
گەه جەردەی ڕێ گرنو گەهێ ماشەبی ئەغیار

[١٣] هەر کەس کەووتی : ئەمتە بەچەند ؟ ئەبنە غوڵامی
تەسلیمی ئـەکەن ماڵ و سەرو گیانی کیرامی
بۆیشی ئـەبنە سەناخوانو دوعا گۆیی دەوامی
ئـەی میللـەتی بێچارە عەجەب جاهیلو خامی
قەومێکی تەواو بێ سەروو پێ نوو نەزان کار

[١٤] شەهدی ئەمو ئەو پڕیە لە دەرمانی کوشندە
بەس تەفرە بخۆن هەر بەقسەی خۆش و بەخەندە
ئەی بێ خەبەران بەس ببنە چاکیرو بەنـدە
مەشهورە کە کەمتر نەبووە ( شەندە ) لە (مەندە)
رۆژێك ئەبێ بەم شەهدە ببن ئێوە گوروفتار

[١٥] دوژمن نەبووە قەت بەبرا ئێمە خەشیمین
دایم کە لەگەڵیان شەوو رۆژ یار و نەدیمین
ئێستاکە بە ئەنواعی عیلەل ئێمە سەقیمین
موحتاجی دەوای حیکمەتی لوقمانی حەکیمین
بۆ چارە ئەبێ سەعیی بکەین ئێمە بەناچار

[١٦] ئێوەبن و خوا وەرنەوە با تف بێ لە شەیتان
دەرکەن لەدلا جوملە خەیالاتی پەرێشان
چەند چشتێ هەیە واستەیی نەکبەتی کوردان
وەك کیبرو حەسەد بوغزی یەك و قیللەتی عیرفان
ئیسلاحی بکەین بەلکو بکۆشین هەموو یەکجار

[١٧] داروی حەسەدو بوغزو جەهالەت هەموو عیلمە
دەرمانی هەموو دەردی ( ڕەزالەت ) هەموو عیلمە
ئەسبابی نەجات بوون لە ( زەلالەت ) هەوو عیلمە
بۆ نەیلی عولا ، بابی دەخالەت هەموو عیلمە
هەر عیلمە کە ساحێبی ئەکاتە شەهوخوون کار

[١٨] ناکەینە ئەمەل ئێمە کەوا بێ سەروو پا بین
بەد خوێ و بەدو تارکی ئەحکامی خوا بین
دوژمن بەسەروو ماڵی هەموو دۆستو برا بین
بێگانە پەرست خادمی مەخلوقی وەها بین
سوودێکی لەبۆ ئێمە نییە ، خزمەتی ئەغیار



[١٩] قاپی ئەمەلی ئێمە کە بەستراوە لە هەر لا
ناکرێتەوە ئەم قاپییە بۆ ئێمە ئەم ئێستا
بێ یەکیەتی و ، مەرحەمەتی ، حەزرەتی مەولا
هەر یەکیەتییە ، دەردی هەموو کوردێ دەوا کا
تا تەفرەقە بین زۆر عەبەسە ، زەحمەت و ئیسرار

[٢٠] نەی دیوە کەسێك کەسبی مەعاریف بەبێ ئۆستاد
مومکن نەبووە حەللی مەشاکیل بەبێ ئیمداد
نەبووە بەشتێك سەربەخۆ ئاسن بەبێ حەدداد
نەي گرتووە کەس بازی مرادی بەبێ ( سەییاد )
گەورە نەبووە تیفل بەبێ ، دایەی خەمخوار

[٢١] نایێتەوە بیرتان کەلە ئەییامی ( سەفەر بەر [١] )
( حیلمی بەگی ئەرکان ) و ( برایم بەگی ) بێ فەڕ
چەند گەورەیی کوردانی هونەر پیشەیی سەندر
کردیان بەنیشانەی هەدەفی گوللەی عەسکەر
ئەو ڕۆژە کە تەشریفی خەبییان بووە سالار

[٢٢] بانەو سەقز و،موکری یو، سابلاخ و، مەریوان
یەك دەفعە لە سایەی قەدەمی نەکبەتی ( ئەرکان )
سووتان و بڵاو بوونەوە ئەهلی لەووڵاتان
نیوەی بووە یەخسیری ، دەسی لەشکری رووسان
پۆلێکی بووە ، توعمەیی مۆرو ، مەلی کۆسار

---

(١) سەفەر بەر = جەنگی جیهانی یەکەم

[٢٣] ئەو ڕۆژە بەدا کێبوو بەجوز (حەزرەتی یەزدان)
بێنێتە شەپۆل ، ڕەحمەتی وەك هەوری بەهاران
بڕژێنێ لەســەردا ، ئێمەم و ڕەحمەتی باران
بۆ میلــەتی مەزلوومەیی کوردانی پەرێشـــان
ئەمڕۆیش ئەوە حامی ، ئەوە حافیز ، ئەوە خەمخوار

[٢٤] هەر کەس کە بەقەد زەڕەیەك عەقلی لە سەرایە
تەسدیقی ئەکات ، هەرچی کە نووسیومە . وەهایە
مونکێر بەقسەم ، داخلی زومرەی ، جوهەلایـە
( شایق ) بەخوا ، هەرچی لە جەمعی عوقەلایـە
بۆ نەزمی کەلامت ، بەدڵو گیانـــە ، خریدار





# ( وەرامی نامە و کارتێك )

سـالی ١٩٤٨

(١) ئەی یاري خۆشەویستی وەفا کاری ڕاست ڕەو
وەی جێی ئومێدی موخلیسی خەمباری تیرەشەو
(٢) وەختێك کە ( کارتی جەژنە کەتم ) دیتو خوێندمەوە
وەك نووستوویك کە ڕاشڵەژێو ڕاچەنی لەخەو
(٣) تیمســالی حالی قەومەکەی میسلی سینەمــا
هێنایەبەر نەزەرمو لەپڕ ڕاپەڕێم ، بـــە دەو
(٤) تۆزێ کەسەیری ئەو فلیمەم کردو تێی گەییم
دەستم گەیـــاندە خامە وەکو بـەرقی تیژڕەو
(٥) نووسیم بەخوێنی دیدە لە سەفحەی سیاهی دل
ئەحوالی کوردی قوڕبەسەروو بەختی شوومی ئەو
(٦) کورد ڕەنجەڕۆیە گوڵبونی عەیشی خەزانی کرد
شانی لەژێری باری خەما گشتی بوو (چەدەو)
(٧) نــەورۆز لەبۆ ئەوانەیە وشکیان ژیایــەوە
ناوچاوی بەختە دێزەکەیـان بوو بەمانگە شـەو
(٨) کورد خۆ بەهاری عومری گەڵاڕێزی کردەوە
کورد لالەزاری عەیشی بە پاکۆ کرا درەو
(٩) کورد ڕۆژی جەژنی ڕەش بووە خۆشیی بۆ نەما
داماوە ، بەشخوراوە ، هەموو ، ڕۆژی بوو بەشـــەو
(١٠) کورد بەختی شوومی نووستووە بڕوانە لاشەکەی
وابەنج کراوە تاکو ئەبەد هەڵنەسێت لـەخەو

(١١) قەومێك کەبەختی سوستی وەها شوومو خەستەبێ
قەومێك کەڕۆژی ڕۆشنی لێبوو بە نیوە شـەو
(١٢) قەومێك وەهابوو هەرکەسێ پیادا بەکەیفی خۆی
قەومێك کەهەرچی هاتوو بووە خێوی ماڵی ئەو
(١٣) قەومێك کەخۆی نەمرد بوو میراتی بەش کرا
پیاوی نزانـە ناو قەفەسو بوونە باڕە کەو
(١٤) قەومێك وەها بوو نەوعی بەشەر ڕەحمی پێی نەما
واچاکە خۆی بنێتە قوڕو چیمو زیـــخو چەو
(١٥) (شاهۆ) لەداخی تالیعی ناسازی قەومی کورد
ناڵـەی دەروونی ناسرەوێت بوویە ( دارەکەو )



# ( عەدالـــەت )

(١)

(١) کەی عەدالـەت وادەبێ بەم وێنە ئاوا ئـاشکرا
ئەیخەنە ژێر دەستی حوکمی سەرگەڕو کۆلارە کورد
(٢) خاکی کوردستان کەخۆی قاتی پیاوی لێ نـــەبێ
چۆن ئەبێ ببنە غولامی ئەوسەرو ئەمخوارە کورد ؟
(٣) ناوی بێ ناوك نەبێ ( ناوی عەدالەت ) چۆن ئەبێ ؟
وابە تۆپز بیـکەنە مەحکوومی ••••••• کورد ؟

(١) ئەم (٣) هۆنراوەیە هی هەڵبەستی ( نەکبەتی نەی گرتبێ ) یـــە
کە هەمووی بڕیتی بوو لە (١٢) هۆنراوە لـە بـــەرگی یەکەمی
دیوانەکەدا (١٠) هۆنراوەی چاپ کرا بوو ، ئەم (٣) هۆنراوەی
مایەوە ، وا نووسرایەوە بۆ بەرگی دووەم .

( کاردۆخی )

## ( ئێوه بن و خوا )

(١) کوردینە ئێوه بنوخوا ، یەك کۆمەڵو ، یەك بن هەموو
دوژمن ( ملاسی گرتووه ) بادەست لەمل یەکبن هەموو

(٢) پێویستە گشت کۆبینەوە ، یەك بیرو بڕوا ، پێکەوە
هەنگاو بنێین بۆ پێشەوە ، یەك کۆمەکی یەکبن هەموو

(٣) ••••• کوردی پەتی چەند ساڵە خۆیو عەشرەتی
قوربان ئەدات بۆ میللەتی ، تاسەربەخۆو ، یەکبن هەموو

(٤) ئەم ڕاپەڕینو کۆششەی ، ئەم خوێن ڕژانو ، شۆڕشەی
بۆ کوردو کوردستانە گشت ، باپشت لەپشت ، یەکبن هەموو

(٥) دڵسۆزی کوردە (•••) بێ مەکرو فێڵە با وەفا
ڕاستو ڕەوانو بێجەفا یاری بدەن یەك بن هەموو

(٦) ئێستاش بزانن بۆوەی ، کورد مافی خۆی زوو دەستکەوێ
پێویستە گشت ئامادەبن ، پڕ هێزو پڕ چەکبن ، هەموو

(٧) ( شاهۆ ) تکاتان لێئەکا ( ئێوه بنو تەنیایی خوا )
هەر یەکیەتی چارمان ئەکا ، جیا مەبنەوە یەکبن هەموو



## ( ژیانی بۆچییە )

[١] کورد کە ژێر دەستی ئەمو ئەوبێ ژیانی بۆچییە ؟
ماڵی میراتیی لەدەس چووبێت جیهانی بۆچییە ؟

[٢] کورد کەوای لێهات لەزیدو خاکی خۆی بێبەش کرا
••••• لێبووبە ( شێر ) ئەو کوردە مانی بۆچییە ؟

[٣] کورد کەوابوو فورسەکانی ناکەسو ناکەس بەچە
سواری ئەستۆی بون ژیانی جاویدانی بۆچییە ؟

[٤] کورد کەمافی چەند هەزار ساڵەی لە مێژوودا نەما
چۆن لەرووی هەڵدێ بژی ڕۆحی ڕەوانی بۆچییە ؟

[٥] پاشی ئەم جەورو جەفایە کورد ئەگەر (شاهۆ) بەچاك
باسی چاکی فورس بکات لاڵ بێ زمانی بۆچییە ؟

## ( کۆمەڵی خوێن مژ )

(١)

[١] ( کۆمەڵی خوێن مژ ) لەناو کوردان بڵێن پێیان بەسە
دەخلی کوردو کوردەواریو خاکی کوردستان مەکەن

[٢] زۆڵە کورد ( شاهۆ ) بەخوێنو ماڵی کورد یاری ئەکەن
دەسبڕو گیرفان دڕن ، بەم هۆزە قەت متمان مەکەن

(١) ئەم دوو هۆنراوه هی هەڵبەستی ( وەختێ کردو بردە ) یە کە لە بەرگی یەکەما (٨) هۆنراوەی چاپ کرابوو ، ئەم دوو هۆنراوه چاپ نەکرابوون ، وا ئەمجارە بۆ بەرگی دووەمی دیوانەکە نووسرایەوە .
( کاردۆخی )

## ( مەرجی سەعد ئاباد )

(١)

[١] جێی ئومێدی قەومی مەئیوست لە خەیراتی وولات
خالیدی کوردی دلێرو سەیفی جەوهەر داری کورد

[٢] دایما دەستەو ، دوعام بۆتان بەخۆشی هەربژین
سەرکەون بۆ سەربڕینی دوژمنی خوێنخواری کورد

[٣] مەرجی سەعد ئابادو بەغدا بۆ ئەوە بەسرا کەوا
بەش بکەن کشتیان لەناوخو مولکی قیمەتداری کورد

[٤] قەت نەبوو ڕۆژێك بەبێخەم سەربنێنە سەر سەرین
یا نەگاتە عەرشی ئەعلا ( نالەوو هاواری کورد )

---

(١) ئەم هەلبەستە بۆ خالید نەقشبەندی نووسراوە بە ناوی ( نوری دیدەو دل ) ئەم (٣) هۆنراوەی دوایی‌یەی چاپ نەکرابوون وا بۆ بەرگی دووەم نووسرایەوە .



## ( بەدەرێ )

[١] بمدەرێ ، ئیقرارە ، نابێ کورد وەها داوا بکا
بابلێ : دەرچن لە خاکم ئیددیعای خۆی وا بکا

[٢] خاکی کوردستان ئەساسەن مولکی باوکی کەس نی‌یە
( مالی کوردە ) ، مالی خۆی نابێ لەکەس داوا بکا

[٣] کەی ئەمانە خاوەنی مافن لەمالی ئێمەدا
کوردی مەرد عەیبە تەمەللوت بۆ شتی ئاوا بکا

[٤] کورد بەمانە وابلێن باشە بە دەنگێکی بولند
بۆچ بەرۆکتان گرتووین ؟ دەرچن تەڵەب ئاوا بکا

[٥] کاکی خۆم بێگانە نەبووە قەت بەخاوەن مالی کورد
کورد ئەبێ ڕۆڵەی گەلی خۆی مالی خۆی ئاوا بکا

[٦] کوردە ( شاهۆ ) شارەزای ئەحوالی کوردستانە کشت
ڕێکەتان پیشان ئەدا ، کوردیش ئەبێ هەروا بکا

سالی ١٩٤٨

## ( ئێمە کوردینو ئەزانین )

(١) ئێمە کوردینو ئــەزانین عەبدی یــەزدانین هەموو
ئافەریدەی دەستی زاتی تاکی ســوبحانین هەموو

(٢) ئالی ئیبراهیمی کوردین هەل بژێرراوی کەلان
تابیعی دەستووری جوان و حوکمی قورئانین هەموو

(٣) لاینی کەس ناگرین ئەت خۆرهەلات ، یاخۆرنشین
دۆستی گشتی مونصیفانو ئــەهلی ویجدانین هەموو

(٤) کورد کە سیی میلیون نفوسین بێسەبەب بەبەش کراین
دەست و پێ بەســراوی •••• •••• •••• هەموو

(٥) بــیرو بروای لارو وێرو تـەفرەقەی ناوخۆو نیفـاق
وا سەری شێواند لە کورد محتاجی احســانین هەموو

(٦) کوردی ئاوایشمان تیایـە خزمەتی گیرفان ئەکا
خەیری بۆ کۆمەل نییە ، بۆیە پەرێشانین هەموو

(٧) تاقمێ رێی چەوتی گرت و کۆمــەلێ بێبارو لار
سەر لە کورد شێواوە ( شاهۆ ) ماتو حەیرانین هەموو



## ( عەبــدی یەزدانــین )

[١] ئـالی ئیبراهیمی کوردین هەلبژێراوی کەلان
تابیعی دەستووری جوانو حوکمی قورئانین هەموو

[٢] لاینی کەس ناگرین ئەت خۆر هەلات یاخۆرنشین
دوستی گشتی منصفان و اهلی ویجدانین هەموو

[٣] بیرو بروای لارو وێرو تـەفرەقەی ناوخۆو نیفـاق
واسەري شێواند لـەکورد محتاجی احسانین هەموو

[٤] کورد کەسی ملیون نفوسین بێسەبەب بەش بەش کراین
دەستو پێ بەسراوی •••• •••• •••• هەموو

[٥] کوردی ئاواشمان تیایە خزمەتی گیرفان ئـەکا
خەیری بۆ کۆمەل نیە ، بۆیـە پەرێشانین هەموو

[٦] تاقمی رێی چەوتی گرتو کۆمەلێ بێبـارو لار
سەر لەکورد شێواوە شاهۆ ماتو حەیرانین هەموو

تێبینی : ـ

ئەم هەلبەستە (١٠) هۆنراوەیــە (٦) هۆنراوەی چاپ نەکراوە وا نووسرایەوە بۆ بەرگی دووەم .

تەنیا ئەم چوار هۆنراوەیە چاپ کراوە لەبەرگي یەکەمدا :ـ

[١] ئێمە کوردینو ئـەزانین عەبدی یـەزدانین هەموو
ئافەریدەی دەستی زاتی تاکی سوبحانین هەموو

[٢] ئەو کتێبانەی لە خواوە هاتوون بۆ مورســەلین
ئێمە بروامان هەیـە پێیـان موسلمانین هەموو

[٣] چاکترینی ئوومەتین بۆ ناقە مەحبوبی خوا
ساحیبی ئایینی بەرزو دین و ئیمانین هەموو
[٤] دوژمنی کەس نین بەڵام بۆ پاسی کوردستانو کورد
پیاو ژن گەورەو بچوکمان قۆچی قوربانین هەموو

## ( ماشەی ئەغیار )

(١)

[١] ماشەی ، ئەغیارو ( ضدی ) یەکتر بێ
تاوەکو وابێ ، حەقی ( مهضومه ) کورد
[٢] بۆ قسەی بێکردەوەو ، فیشالی قۆڕ
پالەوانێ کە ، کەپێی مەوسومە ، کورد
[٣] بۆ خراپەی یەکترو ، کوشتاری یەك
مەردی مەیدان ، خانقی حەلقومە کورد

---

[١] ئەم (٣) هۆنراوە هی هەڵبەستی ( کەوکەبی تاریکە ) یە کەلە بیر چووبوو لە بەرگی یەکەما چاپ بکرێت وا جارێکی کە نووسرایەوە بۆ بەرگی دووەمی دیوانەکە .

( کاردۆخی )



## ( تۆڵەسێنن )

ساڵی ١٩٤٨

[١] مەردە کورد هۆشیارە ئەمڕۆ یەك دڵو گیانن هەموو
تۆڵەسێنن ، پیاو فڕێنن شێری مەیدانن هەموو
[٢] ڕێكو پێكو پڕ چەکن ساحێبی سا و هەیبەتن
ڕۆڵەکانی ڕۆستەم ، سامو نەریمانن هەموو
[٣] ڕۆژی جەنگ ، کاتێ بەهێرش ئەچنە مەیدانی نەبەرد
دوژمنی بێفەڕ ، لە تاوانا هەراسانن ، هەموو
[٤] کورد وەهایە ، مەرجو بڕیاری هەتا ئاخر نەفەس
بۆ قڕانی دوژمنان یان ، قۆچی قوربانن هەموو
[٥] ( دوژمنو چاکیو مرووەت ) درۆیە پێی بڕوا مەکەن
ڕوو ڕەشن ، تالان کەرن ، خوێن ڕێژی کوردانن هەموو
[٦] نەسسی ئایەت شاهیدە بۆ ئەم گرۆهانە کە چین
دوو زمانو ، فیتنەوو ، بێ دینو ، ئیمانن هەموو
[٧] تێکەیشتون ، کورد ئەیان ناسن ، کە دڵ پیسو بەدن
بەم زووە مێشكیان ئەهاڕن ، ڕوو ئە فەوتانن هەموو
[٨] زۆڵە کوردیش گەرچی دایم گێرە شێوێنن ، بەڵام
بۆشە ، بنچینەی ، بینایان ڕوو لە ڕووخانن هەموو
[٩] پشت بەلوتفی زانی حەق ( شاهۆ ) ئەبینیی قەومی کورد
بەم زوانە ، سەربەخۆ ساحێبی فەرمانن ، هەموو

## ( گەلی کورد (١) )

[١] گەلی کورد ، واجبە بۆ ( کوردو کوردستان ) فیدایی بیت
نەکەونە دووی وشەو هەوشەی ئەوانەی لارو ناساغن

[٢] ولاتی کوردەواری مالی میراتی گەلی کوردە
چلۆن ئەدرێ بەوانەی دوژمنو سوپلەو قورمساغن

## ( لەسەرچی (٢) )

[١] شەرمەزارانی مێژووی کوردستان
دوا کەوتوانی ووشەی بێگانان

[٢] بۆچی؟ لەسەرچی؟ وائەکەن بەکورد ؟
ئەیان فەوتێنن بەووشەی نامەرد ؟

---

(١) ئەم دوو هۆنراوەیە هی هەڵبەستی ( گرۆهێ هەن ) ە کەلەبەرگی یەکەما چوار هۆنراوەي چاپ کرابوو ئەم دوو هۆنراوەیە چاپ نەکرا بوو وا نووسرایەوە بۆ ( بەرگی دووەم ) .

(٢) ئەم دوو هۆنراوە هی هەڵبەستی ( شەرمەزاران ) ە کە بریتییە لە (١٠) هۆنراوە (٨) هۆنراوەی لە بەرگی یەکەما چاپ کراوە ئەم دوو هۆنراوەی چاپ نەکرا بوو ، وا نووسرایەوە بۆ بەرگی دووەم .



## ( نەما باسی قورئان )

(١)

(١) ئیلاهی بە نەوزاعی عالەم ، خەبیری
بە رەفتاری ، ئەولادی ئادەم بەسەیری

(٢) نەما باسی قورئانو ئایینو دین
ئەوەی باسی دین کا سزایە مەسیری

(٣) هەموو بوون بە کۆیلەی شەیاتینی ئینس
هەموو بوون بە مولحید بچووك تاکو پیری

(٤) بەرەو کوفر ئەڕۆن مونکیری زاتی تۆن
ئیباحین بەجارێ چەمێنکە چە نێری

---

(١) ئەم چوار هۆنراوەیە هی هەڵبەستی ( خوایا ) یە کەلە بەرگی یەکەما هۆنراوەکانی ( ٢ ، ٣ ، ٤ ) چاپ نەکران ئێستا والەکەڵ هۆنراوەی یەکەمی هەڵبەستەکەدا نووسیمانەوە بۆ بەرگی دووەم ئەم هەڵبەستە (٩) هۆنراوە بووە (٦) ی لەبەرگی یەکەمی دیوانی شامۆدا چاپ کراوە ، ئەمیش والەژێر ناوی ( نەما ) دا بڵاو کرایەوە .

## ( خوا خۆ تۆ خۆت )

ساڵی ١٩٤٨

(١) خوا خۆ تۆ خۆت خاوەنی کوردی
خۆت ئاگاداری کە بە نامەردی

(٢) لە دەشتو دەرو شاخو ناوبەردی
چە جەورێك ئەکرێت لەگەورەو ووردی

(٣) بەماڵی فەلای کوردی ڕەشو ڕووت
ئەم نامەردانە خۆیان کرد بەلۆرت

(٤) ڕەببی تۆ بێت و ئیسمی ئەعزەمت
تۆ خۆشەویستی ، فەخری ، عالەمت

(٥) ئەمانەی کەوا دوژمنی کوردن
چەتۆ کولەرەی دەستی نامەردن

(٦) لە ناویان بەرە بە زووترین کات
لە زۆرو جەوریان ڕزگار کە وولات

(٧) کوردەکان ( یەکخە ) تاکو بەکۆمەل
دەستی برایی گشت بکەنە مل

(٨) پێکەوە یەك هێز ڕووکەنە دوژمن
ڕەگ و ڕیشەیان دەربێنن ، لەبن

(٩) ئاواتی ( شاهۆ ) زوو بێنەرە دی
تا لە کوردستان بە خۆشی بژی



## ( هەوڵ ئەدەن )

[١] ناچنە سەر دینی ( مولحید ) کورد موسڵمانن هەموو
خاوەنی ئایینی پاك و دین و ئیمانن هەموو

[٢] هەوڵ ئەدەن بۆ سەربەخۆیی بۆ ژیانێکی شەریف
بۆ سنووری مولکی خۆیان پاسەوانانن هەموو

[٣] پیاوو ژن گەورەو بچوك بۆ تۆلەسەندن حازرن
دەس بەتیرو خەنجەرو شمشێرو قەڵغانن هەموو

[٤] مستە خۆڵێکی وەتەن نادەن بە دوژمن بیشمرن
بۆ دیفاعی مافی خۆیان قوچی قوربانن هەموو

[٥] تۆلەسێنی خوێنی پاکی ئەو شەهیدانەن کەوا
ئێستەکەش زیندوون و گیانی پاکی کوردانن هەموو

[٦] کارەساتی وەحشیانەی ( دەرسیم و دیاربەکرو وان )
نەقشی ناوجەرگو دڵی سووتاوو بوریانن هەموو

[٧] کردەوەی پیسی ( گەماڵ ) وای کرد لە کورد (شاهۆ)کەوا
ئێستە تینووی هەڵمژینی خوێنی توورانن هەموو

# ( کوردی مەرد )

(١) کوردی مەرد ئەمڕۆ کەرۆژی جیلوەوو جەولانتە
دەستو پێ ئازادە ، وەختی هاتنی مەیدانتە
(٢) ڕاپەڕێ سابێرە مەیدان با بەسی بێ ( نۆکەری )
تووڕی دە ئەو بارە قورسەی وا لەسەر دوو شانتە
(٣) کۆتو زەنجیری ئەسارەت پارەکە وەك شێری نەر
دایکی داماوی ( وەتەن ) وا چاوەڕێی ، هەستانتە
(٤) دەس دەرە شیری زمانو خەنجەری تیژی قەڵەم
حەق تەڵەب کە حەق هەمیشە پشتو پشتیوانتە
(٥) ماڵو میراتت بە ناحەق وا بەدەس بێگانەوە
چۆن ڕەوات دیوە کە خەڵقی هاوبەشو هاوخوانتە
(٦) نیشتمانی باوکو ، باپیرت کە کانی کەوهەرە
بۆچی جێی سمکۆڵی ئەسپو هێستری جیرانتە
(٧) بێ ڕەزاو بێ حوکمی شەرع و مەحکەمەی ویجدانی پاك
وا بزانم چۆن بڕا ماڵت بەوەی ، میوانتە
(٨) خەڵقی خوارو ژوورو دەورت چۆن وەها بێشەرمو ڕوو
پێی درێژ کێشا بەسەرتاو ساحیبی ، فەرمانتە
(٩) یەك کەون یەکتر بناسن کوردە بابەس پاش کەون
یەك نەناسینو ، جیایی ، واسیتەی فەوتانتە
(١٠) بێ ئەوەی یەکتر بناسن ، مەبنە ضدی یەکتری
دوژمنی ناوخۆ بزانە ، خەیری هاوسێ کانتە
(١١) ماڵی کورد هی کوردە شاهۆ مافی شەرعی خۆیەتی
نادرێ هەرگیز بەوانەی دوژمنی خێزانتە



# ( بڕوا ناکرێ )

(١)

سالی ١٩٤٨

(١) کاکە چەند جار پێم ووتن •••••• بڕوا ناکرێ
چی ئەچێنین تۆوی پووچە کردەیان بەرناکرێ
(٢) کەی ڕەوایە •••• وەها حوکمت بکا
دەوری دەن ڕاوی بنێین بازوو لە خاکمان دەرپەڕێ
(٣) بانگ ئەکەن لێمان بەدەم ( کوردە برای یەکبین ) کەچی
دەنگەکەم ناخۆشە لایان ، نابێ دەنگی لێدەرێ
(٤) گەر براینو ڕاست ئەکەن ئەم ڕاوو ڕووتانەی لەچی
پیاوو ژن پیرو جوان نابێ لە دەسیان ڕاپەڕێ

---

قێبینی : -

١- ئەم چوار هۆنراوەیە هی هەڵبەستی (کاکە چەند جار پێم ووتن)ە کەلە بەرگی یەکەما چاپ کراوە ، بەڵام هۆنراوەی (٢ ، ٣ ، ٤) کە لیرەدا نووسراونەتەوە چاپ نەکراون لەبەر ئەوە واتەم (٤) هۆنراوەشمان نووسیەوە هەڵبەستەکە هەمووی (١٠) هۆنراوەیە .

( کاردۆخی )

## ( ئـــەڕۆ فرسەتە )

ساڵی ١٩٤٥ م

[١] کوردە ئەمڕۆ فرسەتە پیاوبن لە دەستی دەرمەکەن
پشتی یەك بکرن بە فیشاڵی درۆ ، باوەر مەکەن

[٢] پێشەواتان ..... هەڵ بژێراوی گەلــــــــــــە
چاکترین دڵسۆزی کوردە سەر لە ئەمری دەرمەکەن

[٣] پێشەوات ئـاڵتوونی تێزابـــە لـــە زاخاو دەرچووە
چی‌ئەڵێ بی‌کەن شەریکی ( سوسە ماری بەڕ ) مەکەن

[٤] دەرفەتی زۆرتان لـە دەس‌دا چاکە عیبرەت وەرگرن
تێکەڵی قازو قولنگ‌و لەقلـــەق‌و سەرگەڕ مەکەن

[٥] پیاوی مەرد دووجار لەکون‌دا نای‌گەزێ دووپشك‌و مار
لێرە بـــەولاوە بـەواتـەی دوژمنی بێ‌فەڕ مەکەن

[٦] نۆکەری خەڵقی لە ســـایەی ئێوەوە وابون بـەپیـاو
ئێوە ئـاغای ماڵی خۆتانن بـەگوێ نۆکەر مەکەن

[٧] شەربەت‌و ئاوی دراوسێ پڕ لە ژەهری کاری‌یـــە
وەسیەتە ( شاهۆ ) بەئاوی گۆزەیان لێو تـەڕ مەکەن



## ( لەبـــەر چـاوم )

ســاڵی ١٩٥٩

(١) لەبـــەر چاوم هەوا تۆزاویـــە کوردینە وریابن
بـەرامبەر ناحەزی خۆتان وەکو دیواری پۆڵا بن

(٢) نـەکەن وابن فریب بدرێن بەفیشاڵی درۆ دیســـان
لە دستتان دەربچێ دەرفەت نەلەم‌لا بن نەلەولا بن

(٣) سەرۆك‌و کۆمەڵەی ئێستەش وەکو کوێ‌پانەکەی پێشوو
بەرامبەر ئێمە لام وایـــە هەموو بەد بیرو بڕوا بن

(٤) ئەوەی کوردە ڕەزا نابێ کەژێر دەستی ئەم‌و ئەو بێ
ئەبێ یا بچنە گۆرستان ، وەیا سەربەست‌و ئازا بن

(٥) ..... لای برێك باشە بـــەڵام پێتان بڵێم راستی
لە چانتای کوردەواریدا نی‌یـــە هاورێی گەلی وابن

(٦) ئەمە سەد ساڵە کورد قوربان ئەدا بۆ ڕۆژي ئازادی
کە ئێستاکەش .... ئەبێ سەر شۆڕو ڕیســـوا بن

(٧) ئەمانە باری راسیان نەبووە ( شاهۆ ) قەت لەگەڵ کەس‌دا
بەهیوای سەروەتی کوردن ، بەڵا با تەفرو توونا بن

# ( بەشەرین )
(۱)

سالی ١٩٤٥

(۱) کوردینە ڕاستە ئێمە بەشەرین
پەرۆکمان نەکرن ئێمە لاشەرین
(۲) بەلێ کە ئێمە خەلقی عیراقین
گشت برای یەکین ، یەك ئیتتیفاقین
(۳) گشت کەس تێکۆشی بۆ وولاتی خۆی
چی چاك بێ بیکا بۆ نەجاتی خۆی
(٤) ذواکەوتوو مەبن کوردینە وەك مەرد
ووریا ببنەوە ، بۆ ڕۆژی نەبەرد
(٥) دەس لەناو دەس نێن پشتی یەك بگرن
تەفرەقە مەبن بابژین ، نەمرن
(٦) یەقین تان ابێ مەرگ بەیەك جاری
گەلێ خۆشترە ، لە خزمەت کاری
(۷) وولاتمان ئەوسا جێگەی شاهان بوو
جێگەی داردەسی ساحێب جاهان بوو
(۸) گەلێ جار حوکمی شەرقو غەربی کرد
شاهان سوجدەیان بۆ عەرشی ئەبرد

---

۱ـ ئەم هەلبەستە بریتی‌یە لە (١٩) هۆنراوە (٦) هۆنراوەی لەبەرگی یەکەما لەژێر ناوی ( لەگەل دراوسێ ) دا چاپ کراوە (١٣) هۆنراوەی چاپ نەکرابوو وا نووسرایەوە بۆ بەرگی دووەم .



(۹) ( بەهەشت ) کەبەپێی نەسی قورئانی
بۆ خواو ڕەسوولەو ئەهلی ئیمانی
(۱۰) کەچی نەزانان بە نەزانانە
لەلایان وایە هەر بۆ خۆیانە
(۱۱) تێناکەن کوردیش کە موسلمانن
بە کەلامی حەق ساحێب ئیمانن
(۱۲) بەشدارن هەموو لەو حوکمە جوانە
وەك نەزان نالێن هەر بۆ خۆیانە
(۱۳) هەر کەسێ کەس‌بێ ئەمانەی بەسە
ئەگەر ڕزگاری کوردی مەبەسە

# ( دوژمن نـانـاسن )

(١)

1945
سـالی ~~١٩٤٨~~

(١) برا وا دیـاره دوژمن نـانـاسن
كه چه‌ند به‌د پیس‌و سپڵه و ناراسن

(٢) به پاره‌ی كوردان ٠٠٠٠ ٠٠٠٠٠
بۆ نـه‌مانی ٠٠٠٠ بـه‌كاری دێنن

(٣) بـه تۆپ‌و شه‌ستیر بۆمب‌و ته‌یـاره
ماڵ‌و خێزانمان ئه‌كه‌ن ئـاواره

(٤) بـه‌پاره‌ی ئێمه هه‌موو بوون به‌لۆرت
به خاوه‌ن كۆشـك‌و سیاره‌ی سپۆرت

(٥) ئه‌وه‌نده‌ش كه‌رو سوپڵه و كه‌رترن
به ئێمه ئـه‌ڵێن ئێوه ( نۆكه‌رن )

(٦) ئـه‌ڵێن یاخی بوون وه‌رنه‌وه ژێربـار
بـا ده‌رنه‌هێنین لـه له‌شتان ده‌مار

(٧) لێ بكۆڵنـه‌وه بزانن وایـه
نیعمه‌ت دار نۆكه‌ر یاخۆ ئاغایـه ؟

(٨) له‌گه‌ڵ ئه‌مانـه نـابێ شه‌ریك بین
ئه‌بێ جیاواز و دوورو ته‌ریك بـین

---

(١) ئه‌م هه‌ڵبه‌سته له ١٩٤٥/١/٢٢ دا رێكی خستووه .



(٩) كورد مه‌رجی وایه تا ئاخر نه‌فه‌س
ماڵ‌و مـیراتی نه‌دات به ناكه‌س

(١٠) ئـه‌م ٠٠٠٠ خوا ناسـیونی چۆنن
چه‌نده بێشـه‌رم‌و حه‌یـاو چه‌توونن

(١١) كه‌وابوو نـابێ بۆ كوردانی مه‌رد
بین بـه هاورێی گرۆهی نـامـه‌رد

(١٢) پێویسته (شاهۆ) كه ماڵ جیا بـین
نه‌وه‌كو هاورێی ٠٠٠٠ وه‌ها بـین

# ( ناڵەم وەکو نەی )

[١] شەیدایی سەرو ، سورەتی رەعنا ، سەمەنێکم
حیرەت زەدەیی گێسوویی ، فندق دەهەنێکم
مەفتوونی جوانێك و ئەسیری ، حەسەنێکم
عاشق بەقەدو قامەتی سەروی چەمەنێکم
دڵ بەستەیی زولفم کە وەها مانەموو زارم

[٢] بێ فائدە عومرێکە جەفا پەروەری یارم
خوێن خوارو دڵ ئەفکارو وەفا کوستەری یارم
زۆر تینوی ئاوی دەهەنی خەنجەری یارم
دڵ زەخمو جگەر ریش موژەی نەشتەری یارم
سەرمەستی هەوای عەشقی روخ و چاوی خومارم

[٣] نەی دیوە کەسێ هەر وەکو من شیفتە حاڵێ
سەودا زەدەیی زوڵف و گرفتاری جەماڵێ
سووتاوێ دەروونی بە تەمەننای خەت و خاڵێ
کەس وەك منی بێچارە لەتاو هیجری نەناڵێ
وەك بولبولی شەیدا نەفەسێ نیمە قەرارم

[٤] عوریانی یە ئێستا بووەتە کەولی حەزینم
هەرخارە لە چاوا بووەتە سەروی کوزینم
پێچایەوە سەرپەنجەیی بازوویی ، زەرینم
سووتاوی گزەی مێهری ئەوم بۆیە حەزینم
بیماری بەلای هیجری ئەوم بۆیە نەزارم

[٥] بۆ جەورو جەفا قابیل و ئامادەو و حازر
بێ رەحمی بەسە خۆفی خوات بۆنی یە ئاخر
تا کەی ئەکوژێ تیغی بروت ( شایقی ) خاسر
ناڵەم وەکو (نەی) سۆزی دڵم وەك (گری ئاگر)
فرمێسك کە ئەرێژم هەر ئەڵێی هەوری بەهارم

# پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلی ( ناری )

(١)

[١] ئەگەر من شێت نەبم ئاخر لەسەودای گوڵ روخانم چی؟
لەڕاوی ، چاوی جادو بازی شیرینی ، زەمانم چی ؟
لە ناڵەو ئاهو ، مەهجوری ، لە گریانو فوغانم چی ؟
کە غەرقی بەحری دووری بم لە ئومێدی ژیانم چی ؟
لە فیکرو غائیلەی بێ فائیدەی سودو ، زیانم چی ؟

[٢] لە دووری شێوەکەی شیرینەوە ئەمرۆ کە فەرهادم
لە سایەی عەشقەوە عالەم سەراسیمەن لە فەریادم
هەمیشە وێڵی کێوانم ، ئەوەند خەمبارو ناشادم
لە کێوي (پیرەمەگروون) و (سەگرمەی) مێحنەتو بادم
لە سەیری نازی شۆخی ، دیدەبازی ، بازیانم چی ؟

---

(١) لە کاتێکا ( شێخ مەحمودی نەمر ) لەبەغدا دەس بەسەر بوو ، رۆژێکی هەینی ساڵی ١٩٣٧ بوو من قوتابی بوم ، لەگەل (مەلا حەسەنا ) چووین بۆ زیارەتی شێخ مەحمود لە ( ئەعزەمییە ) پاش کەمێك ( شێخ مەحمود ) ڕووی کردە ( شاهۆ ) ووتی غەزەلێکی جوانی ( ناری ) م بۆ هاتووە بیخوێنەرەوە حەز ئەکەم تەخمیسی کەیت ( ئەم غەزەلە بوو ) لێی وەرگرت بەم جۆرە تەخمیسی کرد ، ڕۆژی جمعەکەی کە چوینەوە پێشکەشی کرد ، لەبەرگی یەکەما بەپچڕ پچڕ هێندێکی چاپ کرا بوو وا بەچاك زانرا جارێکی کە بنووسرێتەوە بۆ بەرگی دووەم .



[٣] وولاتی ، تاجو تەختی ، کەوتە دەس ئەو باشرو نادانی
لە غاوی حوکمی ئەو قەومە ، درایە دەستی دوو نانی
وولاتی ( بایەقوش ) تیابوو بەسەر دارو حوکم ڕانی
( سلیمانی ) کە خاڵی ما لە دیوانی سولەیمانی
لە عەیشو نۆشو بەزمی بێ‌نکێنی قودسیانم چی ؟

[٤] کەمن کوژراوی تیری نازی چاوی مەستی شەهلابم
کەمن زەنجیر کراوی ، داوی دوو زوڵفی چەلیپابم
کەمن سەرسامی چاوو پەرچەمی شێواوی لەیلا بم
کەمن مەشغولی ، دەرسی ، خەتو خاڵی تورکی تەرسابم
لە تەعلیمی ( منالی کوردی ) بێ نوتقو زوبانم چی ؟

[٥] لەتاو تەئسیری ئێشو نێشی ، بێ دەرمانی مەهجووری
لە گەرمی کرپەوو ، لرپەی شەرارەی ئاگری دووری
لەزوعفی جەستەیی خەستەم بۆ دەردی سەختی ڕەنجووري
لە ڕوویی ڕووم‌دا ، حوکمی نەما ، قانونی مەسروری
لە مەیلی مەکتەبی ، حوسنو جەماڵی ، رووسیانم چی؟

[٦] لە ساحەی بەزمی عەیشم‌دا سەدای نالینو هاوارە
لە سەیلی خوێنی دیدەم مەجلسم ڕەنگینە گوڵزارە
ئەنیسم خەم ، موغەنیم ناڵە ، ساقیم چاوی بیمارە
سورویشکم مەی نەفەس سەمتوور سینەم سازو دڵ تارە
لە دەنگی چەنگو خۆش خوانو لە چیلوەی سافیانم چی؟

[٧] سورشکمیەك بەشوێن یەکدا کەدێ وەك تاوەبارانـە
هەموو سوورو سپی تێکەڵ میسالی دوڕو مەرجانـە
بەداوی هیجرەوە ، هۆنراونەوە ، سوبحانە چەند جوانـە
لە دانەی ئەشکە من گرتوومە تۆ ، تەزبیحی سەد دانە
لە ئاوی ( زەمزەمو ) تەزبیحێ ، باغەی حاجیانم چی ؟

[٨] کەمن بێیارو بێ خەمخوارو بێ هەم دەم قەناعەت کەم
کەزامی دڵ بەناسۆر بێت‌و بێ مەرهەم قەناعەت کەم
کەمن دایم بە بەرگی شیوەن‌و ، ماتەم قەناعەت کەم
لەبۆ باقی حەیاتم تابە قووتی خەم ، عەناعەت کەم
لەقاژو قیژی دەرویش و لە مرقەی سۆفیانم چی ؟

[٩] نیە مەیلم ، بەتارونەی هەواوی ئاوازی چەنگ ناکەم
وەکو دەروێشی ئەم دەوریشە خۆم شێت‌و دەبەنگ ناکەم
وەکو سۆفیش بەمەکرو حیلە خۆم فێری جەفەنگ ناکەم
مەلام‌و ئەهلی تەقوام‌و بەمەی سەجادە ڕەنگ ناکەم
لە بادەی ساقی‌یو قیژەی کچی نەرم‌و نیانم چی ؟

[١٠] شوعاعی شەمسی خاوەر ، تا لەژێر هەوری سیادا بێ
بوتی سیمین تەنم ، تاکو لەژێر پەردەی حەیادا بێ
کوڵی ئومێدی قەوسم ، تا لەژێر سەتری کیادا بێ
تلووعی ماهی من وەك حوسنی یۆسف تالە چادا بێ
لە شەوق‌و شەعشەعەی ، شوعلەی هەسیرەی بەربەیانم چی



[١١] خەریك ماوم لەژێر ئەم گومبەدی گەردوونی بێباکا
سەراسیمەم لە گێژاو گێژی دەوری چەرخی ئەفلاکا
هەتا ئەم دەورە وا ڕوون بێ لەئەم دونیایی خەم ناکا
لیباسم تا پەلاس‌و جاوی مێحنەت بێ لە ئەم خاکا
لە تاقەی عوشرەت‌و شیرداخی عەیشی شامیانم چی ؟

## ( پارانەوەو سکالا لە یەزدان )

(١) ڕەببی تۆ بیتوو ، جەلالو کیبریات
ڕەببی ، تۆ بیو ، عابیدانی بێ ریات

(٢) ڕەببی تۆ ئیسمی عەزیمی ، ئەعزەمت
ڕەببی تۆ بیو خۆشەویستی ، موستافات

(٣) توو شەوی ( ئەسرا ) کە جیبریلی ئەمین
هاتە خزمەت فەخری کشتی کائینات

(٤) بەشقی ئەو کاتەی کەوا هاتە حوزوور
خەلعەتت فەرموو ، بە ئەنواعی خەلات

(٥) مەنسەبی گەورەی وەهات دایە کەوا
بووبە سەرداری ( عوموومی ) ماسیوات

(٦) وەسفی مێعراجی شەهەنشاهی ، ڕەسول
زەحمەتە بکرێ کەچۆن رۆیشتو هات

(٧) خۆی لەنوور خولقابوو دیسان ئەو شەوە
گەییە ناو دەریای عەزیمی نووری زات

(٨) ڕەببی تۆ سیڕی نهێنی زاتی خۆت
ڕەببی تۆ بیو مورسەلینو ئەنبیات

(٩) ڕەببی تۆ بیو عاشقانی حەزرەتت
ڕەببی تۆ بیو ، سادیقانی بارەگات

(١٠) ڕەببی توو ، خوێنی شەهیدانی کەوا
بۆ ڕەزای تۆ گیانی خۆیان کرد فیدات



(١١) ڕەببی تۆ ئەسراری قورئانی عەزیم
ڕەببی تۆ سۆزی نهێنی ئەولیات : ـ

(١٢) بەندە عەبدێکی زەلیلم بێ کەسم
دەنگی نالینم هەمیشە دێتە لات

(١٣) باوەڕم وایە کە غەیری زاتی خۆت
کەس نیە فریام کەوێ بمدا نەجات

(١٤) گەرچی شەرمندەم سیایە دەفتەرم [١]
سەهلە لای تۆ (عەفوی بەندەی ڕووسیات)

(١٥) بەشقی ئەو تافانە مەحبووبەت کەوا
بووبە ئەسبابی وجوودی ، کائینات

(١٦) سا پەناهم دە بەرەحمو لوتفی خۆت
( کامیا بمکە ) بە ئەنعام و سەخات

(١٧) تۆ کەریمی بێ نەزیری من فەقیر
تۆ حەکیمی بەندە موحتاجی دەوات

(١٨) جودو ئیحسانت ئومێدی ( شایقە )
ربنا ارحم واغننی عن ما سیوات

[١] لەدەس نووسێکی کەدا نیوەی یەکەمی ئەم هۆنراوەیە بەمجۆرەیە
سەد کە شەرمندەم سیایە دەفتەرم

# ( بەندە هەر تۆم هەی )

[١] یا حەی یا قەییوم بەندە هەر تۆم هەی
لە تەنگانەدا ، بە فریام بکەی

[٢] رەببی خۆ تۆ خۆت بینا و بەسیری
بە حاڵی بەندەت ، تەواو خەبیری

[٣] خۆت ئاگاداری کە هێندێ نامەرد
چە بەڵایێك یان بەسەرما ، هاورد

[٤] هەر کات بە دەردێ هەر سات بە تەورێ
ئازاریان ئەدام هەر دەم بە جەورێ

[٥] نە ڕۆژم ڕۆژە ، نە شەوم شەوە
نە خۆراك خۆراك ، نە خەوم خەوە

[٦] نە ڕۆژووم ڕۆژوو ، نە نوێژم نوێژە
سەریان لێ تێك دام ئەفکارم گێژە

[٧] هیچێکم نییە ، لە خۆت پەنهان بێ
ڕازێکم نییە ، لە تۆ نیهان بێ

[٨] دونیام لێ تەنگ بوو ، سەبرم نەماوە
رەحمێ نەفەرمووی کارم تەواوە

[٩] ئومێدم هەموو بە کەریمی تە
هیوام بە عەتف و بە رەحیمی تە

[١٠] رەببی ، تۆ بێتو ، گەورەیی زاتت
تۆ ، بێ وێنەیی ، زاتی سیفاتت

[١١] تۆ ئەسمای ئەعزەم ، ذولجەلالی خۆت
تۆ بەرزی مەقام ، لایەزالی خۆت



[١٢] تۆ سڕی پەنهان ، زاتی یەزدانت
تۆ بەحری بێ پەی ، جوودو ئێحسانت

[١٣] تۆ نووری مەعنای ، ئایەی قورئانت
تۆ فەخرو خەتمی ، پێغەمەرانت

[١٤] تۆ بێو نووری خاس ، جیلوەی جەلالت
تۆ بێو عیززەت و ، عیلم و کەماڵت

[١٥] تۆ بێو ئەنبیاو گشت مورسەلینت
تۆ بێو ، ( رحمة للعالمینت )

[١٦] تۆ مەحبوبەکەی ، تاکی شیرینت
( محمد ، احمد ، طەو ، یاسینت )

[١٧] تۆ بێو ئەوانەی کە رەزای تۆیان
لا مەتڵەب ترە ، لە گیانی خۆیان

[١٨] بە فەزڵ و کەرەم ، رەحمەتی عامت
( گوشادکە ) تەنگی بەندەی ناکامت (١)

[١٩] کەرەمت زۆرە ، رەحمەتت عامە
بۆ ئەو ( رەحمەتە ) دایم هانامە

[٢٠] هەر چەند ڕووسیا و خەجاڵەت باوم
خۆ پەنا هێندەی قاپی غەففارم

[٢١] داوام لای خۆتە ئێوارە و سەحەر
کەریمی کارساز سا ( فلا تنهر )

[٢٢] لاڵەت لێ ئەکەم ، ڕەببی ( پەیدەرپەی )
بۆ ئەوەی زۆر زوو بە فریام بکەی

---

(١) ئەم هەڵبەستەی لەساڵی ١٩٦٦ دا لە هەڵەبجە ڕێك خستووە .

[٢٣] بۆ ڕەحمو کەرەم ، بەرەو ڕووت هاتم
ئەی کەرەم کولاو ، بدە نەجاتم
[٢٤] خۆت موشکیل کوشاو قازی حاجاتی
لابەری خەم و ساحیب خەیراتی
[٢٥] کاری کۆیلەکەت کەوا زەبوونە
بەستە بە ئەمری یەك ( کاف و نوونە )
[٢٦] پەنام دەر ڕەبی تۆ فەخری عالەم
زوو بە زوو ڕەحمێ بکە بە حالم



# پێنج خشتەکی شاهۆ لەسەر غەزەلی
## ( مەولانای جامی )

(١) ئەی شەهەنشاهی ڕوسل کاشفی هەممو کەڕوبی
مەرهەمی سینەیی زامدارو دڵی موز تەرێبی
واسیتەی حەللی هەموو موشکێلو ڕەنجو تەعەبی
مرحبا سیدیَ مکی مدنی العربی
دلو جان باد ، فیدایت چە عجب خۆش لەقەبی

(٢) عاشقی ڕووتە دڵی شیفتەیی ، نالانم
بۆیە هەڵنایە ، تەواو ، دیدەیی پڕ گریانم
سەیری چۆن کەییە سەما ئاهی دڵی بوریانم
من بیدل بجمال تو عجب حـــــــیرانم
ئەڵله . ئەڵله ، چە جەمالی ست بدین بولعەجەبی

(٣) عوزری چی بێنمەوە شاها کە سەراپا خجلم
کەوتمو ، تووله سەگی دەرگەهی شاهی ڕوسولم
(تۆبە) بێ لەو خەتەرو فیکرە کەهێنامە دڵم
نیسبەتێ خود بەسەگەت دادە ئەمو بەس منفعیلەم
زانکە نیسبەت بەسەگێ کۆی تۆ بەس بێ ئەدەبی

(٤) هێنده مەحبووبی لەلای حەزرەتی خەللاقی غەفوور
زەحمەتە باس و بەیاناتی بە تەقریرو ستوور
جوزوێکی / کەپەی بردوە / پێی / ئەهلی شوعوور
زات پاك تۆ کە درمولك عرب کەردە زوهوور
زان سەبەب ئامەدە ( قورئان ) بەزەبانێ عەرەبی

(٥) رەحمەتی مەحزی لەبۆ عالەمی کەونەینی تەمام
کام یا بن لە کەراماتی ئەتۆ جوملە ئەنام
شاهێدیشم ، ئەمەتە ئەی شەهی فەرخوندە مەقام
نەخلێ بوستانێ ( مدینە ) زتو سەر سەبز مودام
زان شدە شهرەء ئافاق بە شیرین روتەبی

(٦) بێ کەس و بێ دەرو داماوم و دل پر لە کەدەر
غەیری دەرگاهی ئەتۆ نیمە پەناهێکی دیکەر
مولتەجی بوم بەدەرت فەخری هەموو جینزو بەشەر
چشم رەحمەت بگشا سوێ من انداز نەزەر
ئەی قورەیشی نەسەب و هاشمی و ، مطلبی

(٧) سەروەرا بێ کەرەمت زەحمەتە ئەسبابی حەیات
سۆختەی عەشقی ئەتۆم نیمەی توانای حەرەکات
چاوەڕێی لوتفی ئەتۆم مەنبەعی رەحم و حەسەنات
ماهەمە تەشنە لە بانیم و تۆئی ئابێ حەیات
رەحم فەرماکە زو حەد میگوزەرەد تەشنەلەبی



# ( فەردی تەنیای تاك )

## ( مناجات )

(١) فەردی تەنیای تاك فەردی تەنیای تاك
جە عەیب بێ بەری ، جە ئالایش پاك

(٢) بێ تاتەو فورزەند بێ شەریك بێ باك
بێ یاگەو مەکان ، رافیع الافلاك

(٣) مالیکە الملوك شەهەنشای کەونین
حاکمی موتلەق علی العالمین

(٤) ئیجاد کونوندەی مەخلوق جە عەدەم
ئافەرینندەی عالەم جە قێدەم

(٥) رۆزی دەهێندەی عمومی زیروح
پەی دەروون تەنگان دەهێندەی فتووح

(٦) خارێجی هوموم ، خەمبارانی زار
کاشفی غوموم دلانی پڕ خار

(٧) رەحم کەر وەحاڵ دڵەی غەریبان
نەجات دەهێندەی یوسف جە زیندان

(٨) یارەب وەحاجەت ، زولجەلالی وێت
بەزات و سیفات لایەزالی وێت

(٩) بە ئادەم بەشیس بەنووح بەئەییوب
بەهوود بەصالح بە یەحیاو یەعقوب

(١٠) یارەب بە خەلیل بەئیسحاق ئیدریس
یارەب بەداوود ( ذوالکفل و جرجیس )

[illegible] و [illegible]

بـە سولەیمان و شوعەیب و عیسا

(١٢) بە پێغەمبەران ئەنبیـای مورسـەل

بە ( ئولولعەزمان ) بارەگاهی فەزڵ

(١٣) دیسان بە حاجەت فەخری مورسـەلین

ووشـەویسـتی خاس رەبو لعالمین

(١٤) خاتم الرسـل ، هـادی السـبیل

شـافع الذنوب ، رافیع العلـیل

(١٥) سـید الکونین نـور المشرقین

نیرو العـالم ، شمس الخا فێقەین

(١٦) محمد احمـد طـه ، و یاسین

مصطفیی مرسـل عـلی الثقلین

(١٧) یا رەب بە صدیق ، بـە عەدلی عومەر

بەونۆو عوسمانی ، بە شێری حیـدر

(١٨) بە حمزەو عباس بە طلحە و زبـیر

بە سـعدو سـعید مبشر بە خەیر

(١٩) بەکزەی سـینەی زەهرایی بەتوول

بـەدوو نەونـەمام ئەولادی رەسوول

(٢٠) بـەونۆ ئەصحابا شـەهیدا بـەدری

بە ساحێب شمشێر نـەکۆو خەیبەری

(٢١) یارەب بـە حاجەت عاشـقانی وێت

بـە موقەرەبان لامەکانی وێت

(٢٢) ئومیدم ئێوەن بـە فەزڵو بـەرەحم

ببەخشی گونام بـە لوتفو کەرەم



(٢٣) من بەکەو [illegible]

چە کەردەی بـەدی وێم شەرمەسارم

(٢٤) سـەراپا غەرقەی بەحری عوسـیانم

سـەرکەردەی چەرکەی گوناەکارانم

(٢٥) دەفتەرم چە ڕووی وێم سیا تەڕەن

ڕەفتاری بەدم چە ( بەد ) بەد تـەرەن

(٢٦) سەدبار ڕووسیاو ، سەر ئەفگەندەی تۆم

ئومیدم بەتۆن ، کەمتەر بەندەی تۆم

(٢٧) گەر تۆ نەبەخشیم ، وەگەورەویی وێت

کێن ئیتر پـەنام ؟ تۆ بوزرگی وێت

[١] زەمـینو زەمان ، کەونەینو مەکان
چوزتۆ حالو کێن ؟؟ پادشای سوبحان
[٢] گەر بەکردەوەو وێم بـــدەری جەزام
مشیۆ تا ئەبـەد ، تۆ بدەی ســـزام
[٣] بەلام رەحمو تۆ ، یەکجار زیادەن
گوناو من جەلای ( عەفوت ) بەربادەن
[٤] ســا تۆیچ بـەکەرەم بکەرە چارەم
غەریبو بێکەس ، یەکجار بێچارەم
[٥] دەســگیرم نیەن غەیر جە لوتفی وێت
دەسگیریم بکەر ، تۆ بیو لوتفی وێت
[٦] ( مغرض ) وەزیرش گەردەن وەدەسگیر
( گۆسەو ویش ) کەردەن وەیاگەی تەدبیر
[ ] پشتو وێش بەستەن بەهێزی ( یلسین )
جە چەپو چەراس مەکەرۆ تەفتین
[٨] تەکلیفش کەردەن بر یەنشـا ، رزقم
بماران وە ســەنـگ مەلامەت فەرقـــم
[٩] مەواچۆ منـــم : ( معطی و مانــع )
وێمەنا ( مذل ، معزو ، رافـــع )
[١٠] منیش پــــەناهم وەتۆ ئـاوەردەن
دۆستانی تۆم ، وە شەفیع ، کەردەن
(١١) بەو باری گوناە ، شـەرمەســـــارەوە
بەو دیدەی نمین ، ئەشك بـارەوە


[١٢] بەو هەناسـەی سەرد لێو بە بـارەوە
بەو دڵەی ، خەمگین خەفەت بارەوە
[١٣] ئیلتیجام وەرەحم ( رحیم ) ئـاوەردەن
پـــەنام وە قاپی کەریم ، ئـاوەردەن
[١٤] یـــەقین مزانوو وە تەســـدیقی دڵ
هەر تۆنی کەری مـــرادی حاصڵ
[١٥] غیر تۆ ، کەس نیەن ( معطیو مانع )
غەیر جەوێت نیەن (خسار) یا (نافع)
[١٦] وێتەنی ( معز ، مذل ، و ڕەززاق )
وێتەنی ( کەریم ، رەحیم وەخەللاق )
[١٧] لام ـــــــــــ انع لما اعطیت احد
لامعطی لـما منعت ابــــــــــــــد
[١٨] ئومێـــــدم ئێدەن مەولای بێکەسان
جەی غەریبی دا نەکەریم حەیران
[١٩] ئاگەداریم کەر جە شەری دوژمن
پارێزەم جە مەکر مەککاری پر فەن
[٢٠] (مراد حاصڵ کەر) حاصڵ کەر (مراد)
چی بـەندي غم دا بکەرەم ئـازاد
[٢١] بـە سلامەتی ، بێ دەردو ئاســـیب
سەر بەرزو دڵ وەش پڕ بارو نەسیب
[٢٢] بیـاونی مەوە ، وەلای قەومی وێـــم
نەوعێ کەر (دوژمەن) حەسەد بەروپێم
[٢٣] حسب الأمری وێت دۆعام کەرد وەلات
( استجب انـا ، قـاضی الحاجات )

[٢٤] وەعدەی ئیجابەیش ، وێتدان وەڕەسووڵ
دیسان سـا دۆعام بکەرە قەبووڵ
[٢٥] پەناش هەر وەتۆن شەهەنشای بێچوون
( حەسەنی بێ کەس ) خەمبارو مەحزوون
[٢٦] فەریاد رەسیش کەر کەسی بێ کەسان
باچینەی زیانەر ، نەپۆ ( سەرگەردان)

تێبینی : ــ (١) ئەم هەڵبەستەی لە بەغدا ووتووە لـە کاتێکا بەهۆی چەند کەسێکی ناحەزەوە لە وڵاتی خۆی دوورخراوەتەوە ویستویانە مەعاشەکەشی ببرن هێنـدێ ئەڵێن لە ساڵی ١٩٢٤ دا ووتوویەتی کە نەیان هێشتوە بکرێت بەمووچە خۆری میری •• بەڵام بەخوێندنەوەی هۆنراوەکانا وا دەرئەکەوێت لە ساڵی ١٩٢٤ دا نەوترابێت ، بەکفایە ناوی چەند کەسێکی تیایە وەکو :
لە هۆنراوەی (٦) دا ئەڵێت : ناحەزي من ، وەزیر پشتی گرتوە وە ئەو بەهۆی کۆسەوە تەدبیرو فکری ئازاردانی من ئەکات .



## ( فلا تنهــر )

(١) یاحەی یاقـەییوم شەهەنشای ئـەکبەر
تەنیای بێوێنەی بێ بابـو پوسـەر
(٢) شنەوای بێ گۆش ، بینای بێبەسەر
پەنای بێ کەسان جەسێر با خەبەر
(٣) بەندەی قاپیتم ، وێڵم دەر بـەدەر
داوام لای خۆتە ، سا ( فلاتنهـر )

(٤) من کونا بارو ، خەجاڵـەت بـارم
سەر لێ شێواوم ، دل برینـدارم
(٥) پەرێشان حاڵ و مات و خەمبـارم
دیدە پڕ جەهوون دەروون پر نـارم
(٦) پەنابـەر بەرەحم ، زاتی غفـارت
سوئاڵ کەری خۆتم سـا (فلاتنهر )

(٧) بـەندە دەردەدار تۆ خۆت حەکیمی
موحتاجی رەحمم تۆ خۆت رەحیمی
(٨) دەس تەنگو هەژار تۆ خۆت کەریمی
کەمتـر غولامـم خۆ تـۆ عەزیمی
(٩) رووو دەفتەر سـیام خۆ تۆ حەلیمی
هانام بـە خۆتـە سا ( فلا تنهر )

(١٠) بـاوەڕم پێتـە کە ذولجـەلالی
هەیتو / هەر بووی / هەر لایـەزالی

(١١) مالـك الملــوك ، مـولى المــوالى
رەحمەت بێ پـايـان ، زۆر موتەعالى
(١٢) كەرەم كولآوى ، زانا بــە حـالى
بــەتۆم ئومێدە ســا ( فلا تنهر )

(١٣) تۆ خـوايێـكى عـەزيم والشــأنى
رەببى ، رەحيمى ، حەقى ، رەحمانى
(١٤) غەنى ، كەريمى ، بڕى ، حەنانى
خاوەنى فـەزڵ و جودو ئيحســانى
(١٥) پــەناى بێ پــەنا بـێ نەوايـانى
هـانـام بە خۆتە ســا ( فلا تنهر )

(١٦) ئيـلاهى تۆ خۆت بينـاو بەســيرى
بە حالى بـەندەت تەواو خەبــيرى
(١٧) عالم بە هەمووى ما في الضمــيرى
لە تەنگانەدام ، هەر تۆم ظهــيرى
(١٨) بــە پێك هێنانى كارم قەديرى
پەنام پێت هێنا ، سا ( فـلا تنهر )

(١٩) خۆت بچــەرخێنى هەموو دلێكى
بلاوكەرەوەى گشـت كۆمەلێكى
(٢٠) گوشاد كوننەدەى گشـت موشـكيلێكى
عادل ترينى ، گشــت عادلێكى
(٢١) وە فەرياد هاتووى ، گشـت ماتلێكى
هانام وەلاتــە ، سا ( فـلا تنهر )



(٢٢) ئيمانم پێتە بـە صدق و يـەقين
كەتۆى سازندەى ، سەماو سەرزەمين
(٢٣) هەر بەدەس خۆتە كارى دونياو دين
لاڵەت لێ ئەكەم بە ديدەى نمين
(٢٤) تۆ بيتو روخى فەخرى عالـەمين
بەخۆت مولتەجيم ، سا ( فلا تنهر )

(٢٥) ئيلاهى بـەندەى پەرێشـان حالت
بەندەى خەفەت بار ، وێڵو عەودالت
(٢٦) چەند جار بەپەنا خۆم خستە مالت
پــەنام بردە بـەر ، جاهو جەلالت
(٢٧) لايقــە بۆ تۆو رەحمو كەمالت
نائۆمێد ببم ؟ ســا ( فلا تنهــر )

(٢٨) كەوتوومە گێژاو ، پەلبرياو كەمدەس
هيوام من تەنيا هەر بەخۆتەو بـەس
(٢٩) نەخوێش نەبرا نـەئـەولاد نەكەس
خۆت موشكێل گوشاى خۆتى فەريادرەس
(٣٠) جاباشە بۆشـان ، كەريمى ئـەقدەس
بەندەت ئاوابێ ، سا (فلا تنهــر )

## ( عومری ڕابوردووم )

(١)

[١] عومری رابوردووم هەمووی رۆیی بە بەدکاری و گوناه
وابـەهۆی رەحمەتتەوە خۆم خستە بەر قاپیت دەخیل

[٢] چاکەیکم نـەبووە تـا بیهێنمە حاجەت ، بۆ تکا
غەیری ڕوی رەش مووی سپی چاوی تەڕو لاشەی عەلیل

[٣] کەس نەناسم بێ‌کەسم هیوام بە غەیری تۆ نیـیـە
ئەی ئومێدی بێ ئومێـدان وەی دەلیلی بێ دەلیـل

[٤] دەردەدارم بۆ شیفا رووم کردە قاپی بـەرزی تۆ
ئەی حەکیمی حاڵ زان‌و ، ذولجەلالی بێ مەسیل

[٥] مشکێلم تەنیا بە ئـەمری ( کاف‌و نوونێ ) دێتەجێ
سا نەجاتم دە بەرەحمت وەك نـەجاتت دا خەلیل

[٦] ئافەریـدەی زاتی خۆتم ، هەرچي هەم چارم بکـە
بەشقی ئەو زاتە کە بۆی هێنا کەلامت جەبرەئیل

[٧] سەروەری عالەم ( موحەممەد ) خۆشەویستی زاتی خۆت
شافێعی رۆژی جەزا ، خەتمی روسل هادی سـەبیل

[٨] ڕووی دڵم لای خۆتە دایم چاوەنواری رەحمەتـم
ئەی کەریمي کار سازو ، دەوڵـەمەندی بێ عەدیل

[٩] دەرکی جوودو رەحمەتی خۆتـم بەسیرعەت لێوەکە
با لەمە زیاتر نەبم ، زارو پەرێشان‌و سـەفیل

---

[١] ئەم هۆنراوانە هی هەڵبەستی ( جد بألطافك علی انني عبدزليل) ەیە کەئەم هەڵبەستە (١٦) هۆنراوە بوون (٧) هۆنراوەیان (عەرەبی بوون) لەبەرگی یەکەما چاپ‌کران ئەم (٩) هۆنراوەش نوسرایەوە بۆ بەرگی (٢) شاهۆ خۆی بەجیاجیا نووسی بوونی لەدەفتەرێکا .



## ( ئـەم دەفە )

(١)

[١] ئـەم دەفە ناڵەی بەعەینی هەر دەڵێی ناڵەی منە
بۆ نیگار دایم دەناڵێ بۆیە جەرگی کون کونـە

[٢] سینەکەم سەمتوورە دایم بەستەیی ( لەیلا ) ئەڵێ
لێدە سا تۆیش پەنجـەیك ، خۆ عاقبت هەرمردنە

[٣] هەر لەسەر تاپای ووجودم کەوتە بە تیری موژە
بێنە سەیری جسمی خەستەم پاك چلۆن تیر ئاژنە

---

(١) ئەم هەڵبەستانەم لەسەر ( دەفێك ) دی ، لە ( گوڵپ ) لە ماڵی ( شێخ حەکیمی مامە شێخ صادق ) م ووتی : ئەم شیعرانە هی مەلا حەسەنە ( شـاهۆ ) خۆی نوسیویە لەسەر ئەم دەفي منە لەکاتێکا لـەماڵی باوکم میوان بووە نزیکەی (٢٥ ) ساڵ زیـاتر ئەبێت نوسراوە من لە رۆژی ١٩٧٦/٦/٧ نووسیمەوە لـە دێی گوڵپ کە ئێـستا وێران بووە .
(کاردۆخی)

## ( قوربـان قوربانـــەن )

[١] قوربان قوربانەن ، قوربان قوربانـەن
وادەی ئـازادی جەژنی قوربانـەن

[٢] دەروونم کەیلەن دڵەم بوریانــەن
خەمم جەم بیەن یانـەم وێرانـەن

[٣] سەدای ( کناڵەیل ) وادەی سەیرانەن
وەختی لەنجە و لار بالاّ بەرزانــەن

[٤] نوبەی غەمزەی ناز خێڵی نـازدارەن
وەناحەق کوشیای ، وەبێ تاۆانەن

[٥] چێش بیەن ، چێشەن تاوانما چێشەن؟
پەی چێش جەئێمە دەروونش رێشەن؟

[٦] وێنەی زاڵمان کینەی دڵ پێشەن
خاترش ئێمان دایم وەئێشـەن

[٧] یاڤەیلە قووسەن ؟ یا گورگە مێشەن ؟
گشتخەڵق چون (شاهۆ) وەنەش دڵ رێشەن



## ( فستانی ڕەش )
(١)

[١] فسـتانی ڕەشی ناسکی چین چینی لەبـەردا
وەك هەوری تەنك بێبەسەری قورسی قەمەردا

[٢] حەیرانـــە خەیاڵـــم لـە موتافاتی وجودی
تەشبیەی بەچی کەم ، نیە وێنەی لەبەشەردا

---

(١) لە بـەشی ڕوون کردنەوەی چەند شـتێکی کە لە ژیانی شـاهۆ باسی کاتو ڕێکخستنی ئەم دوو هۆنراوەیە کراوە .
تکایە سەیری لاپەڕە (١٢) بکەن .

## ( ووشەی دوایی بەشی کوردی )

لە لاپەرە ( ١٣٦ ) ی بەرگی یەکەمی دیوانی شاهۆدا نووسیبوم کەلە بەرگی دووەمی دیوانی ( شاهۆدا ) بەپێی توانا هەوڵ ئەدەم مانای ووشەی هەڵبەستەکان لێك بدەمەوە ، لەم ڕووەوە لەم کاتەدا داوای لێبوردن ئەکەم ، وەتکام وایە خوێندەوارە خۆشەویستەکان سەبر بکەن تا بەتەواوی شیعرەکانی ( شاهۆ ) هەمووی بڵاوبکرێتەوە ئەوانەی کە هێشتا دەستم نەکەوتون پیان نووسمەوە .

[ ئەو هۆنراوانەو لێك دانەوەی مانای ووشە گرانەکانی هەڵبەستەکانی ] بەڵکو ئەویش بکەم بە کتێبێك‌و پێشکەش بەخوێندەوارە خۆشەویستەکانی بکەم .

زۆرتری هەڵبەستەکانی ( شاهۆ ) بەتایبەتی ئەوانەیان کەلە پێشا ڕێکی خستوون ووشەی ( عەرەبی‌و فارسی ) زۆری تیا بەکار هێناوە ، مانای ئەوانەش وا دەزانم زۆر گران نەبێت ، ئێستا لەبەر هێندی شت وەپەلە کردنە لە بەچاپ گەیاندنی ئەم ( بەرگی دووەمە ) لەم کاتەدا پێم نەکرا ( فەرهەنگێك ) بۆ مانای ئەو وشانە دانێم وەش ئەزانم زۆربەی خوێندەواران لەعەرەبی‌و فارسی شارەزان وەلە مانای ئەو هۆنراوانە تێدەگەن . مەبەسی شاعیریان بۆ ڕوون دەبێتەوە پێویستیان بەشەرح کردنی ئەو هەنراوانە نیە لەم وەخت‌و کاتەدا .

بە تایبەتی کە منیش ئەمەوێت ئەم هۆنراوانەی شاهۆیە لەسەر ئەو بەڵێنەی کەپێش ( کۆچی دوایی خۆی ) پێمدا ووتم : ( هەوڵ ئەدەم هەڵبەستەکانت کۆکەمەوە ، جارێکی کە پیان نووسمەوە بە چاپیان بگەیینم ، ئەوەبو ئەویش دەفتەری شیعرەکان‌و مسوەدەی



هۆنراوەکانی خۆی پێ دام ، لەبەر ئەوە حەز ئەکەم شیعرەکانی بەم زوانە بەچاپ بگەیینم ، وەلە فەوتان‌و لەناو چوون دووریان خەمەوە ئەمجا وەکو ووتم ( لێك دانەوەی مانای هۆنراوەکان‌و فەرهەنگێك بۆ ووشە گرانەکانی شیعرەکانی ) هەر کاتێك بێ زیانی نیەو ، نافەوتێ مەبەسی زۆرترم بڵاوبوونەوەی شیعرەکانیەتی وە چاپ کردنیانە تا خۆم لە ژیانام .

مێژووی ژیانی شاهۆو بەسەرهاتی زۆر زۆر لەمە زیاترە کە من نووسیومە ئێستا جارێ هەر ئەمەندەم بۆ کرا نووسیومەتەوە .

داوای لێبوردن لە خوێندەوارە بەڕێزە خۆشەویستەکان ئەکەم کەلە کەم‌و کوڕی چاوپۆشی بکەن‌و لێم ببورن . . .

١٩٨٠/٢/٥ **( کاردۆخی )**

## تێبینی : ـ

١ـ لەناو دەفتەری شیعرو مسوەددەی هۆنراوەکانی شاهۆدا جگە لەم هەڵبەستانە کە لێرەدا نووسراون هیچی کەم بەرچاو نەکەوت نەم دۆزیەوە .

٢ـ وەکو خۆی ئەی گێڕایەوە لە سەفەری بۆ ( ئەستەمبوول ) وە هاتۆوچۆی بۆ ئێران بەپێی وەختو کات هۆنراوەی زۆری ( بەفارسیو عەرەبی ) ڕێك خستووە ، وەکو ئەو هەڵبەستەی کە بۆ شۆخێکی عەرەبی ووتووە لە ( پاپۆڕا ) هاوسەفەریان بووە تا ئەستەمبوڵ ، یا ئەو هەڵبەستە فارسیيانەی ئەو ماوەیەکە لە ئێرانا بووەو لە ( سنە ) ژنی هێناوە ، جا زۆر گەڕام بەشوێن ئەو شیعرانەدا بەداخەوە هیچم دەست نەکەوت .

٣ـ هەمیسان تکا لە هەموو خوێندەوارێکی کوردی دڵسۆز ئەکەین هەر هۆنراوەیێکی شاهۆیان لایەو لەم دوو بەرگی دیوانەیا نین بۆمان بنێرێت تالە هەلێکی تردا ئەوانیش بڵاوکەینەوە ئیتر خۆشیو بەختیاریو سەرکەوتنی هەموو لایەك لەیەزدان داوائەکەم

٤ـ هەر وەکو لەپێشەوە لەباسی شاهۆدا نووسیبوم هێندێ شیعری شاهۆ دەساو دەس کەوتون ، لەناوچوون ، یەکێ لەوانە ئەو شیعرەیە کەبۆ وەرامی ( خالصی نووسیوەتەوە ، لەم دواییەدا پرسیاری ئەو شیعرەم لە ماموستای بەڕێز ( شیخ محمدی خاڵ ) کرد ووتي : ئەو وەرامەی خالصی یە کە ملا حسن دائبوویەوە زیاتر لە (٢٥) هۆنراوە بوو من تەنیا ئەم (٣) هۆنراوەم لەبیرماوە



بیان نووسەوە منیش سوپاسم کردو نووسینمەوە ئەوانیش ئەمانەن : ـ

[١] چۆن ئەزانم خوا بەحەققە بێ شەریکە لامکان
واش ئەزانم خالصی مەشئومە هجوی صوفیان

[٢] صاحبی درویشو صوفی ذکرو جذبەو ختمو دەف
شهریارێکن کفیلی مەستی مەیدانی خوان

[٣] فی المثل ( بوسطامیو غوثو ئۆەیسرو نقشبند
خواجەی هیندیو جنیدو بشرو پیری طالبان

٥ـ شیعرەکانی لاپەڕە (٦٠) وە (٦١) هەردووکیان یەکێکن بە هەڵە دووجار چاپ کراون ( داوای لێبوردن ئەکەین )

٩٨٠/٢/٥ ( کاردۆخی )

## ( کۆتـایی بەرگی دووەم )

١ـ وا بەرگی دووەمی ( دیوانی شاهۆ ) بەم جۆرە کۆتایی هـات، هەروەکو دەبینن لەم بەرگەدا ( ٦٨٥) هۆنراوە هەیە ، لەمـانـە هێندێکیان لەبەرگی یەکەما بە (پچڕ پچڕی) هەر هۆنراوە لـە شوێنێ بڵاو کراونەتەوە ، هۆی ئەوەش خوێندەواری زیرەك‌و زانا ئەزانێت لەبەرچی بووە ، وا ئەو هۆنراوانە لەم بەرگەداجارێکی کە نووسرانەوە لەیـــەك نزیك خرانەوە هەموو هەڵبەســـتو هۆنراوەکانی ( شاهۆ ) ئەوەی تا ئێستا دەستم کەوتووە زیاتر لە (١٨٠٠) هۆنراوەیە والەم دوو بەرگەدا بڵاوکرانەوە .

هەلبەستو هۆنراوەی ئەی کەماون ئەگەر دەستم کەوت ( خوا یار بێت ) ئەوانیش لە بەرگێکی ترا بڵاو ئەکەینەوە لەگەڵ شی کردنەوەی مانای هۆنراوە گرانەکان .

٢ـ شاهۆ خۆی بۆ شیعرو هۆنراوەکانی سەرباس‌و سەرلەوحەی دانە نابوو چە ئەو شیعرانە کەلـە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیا چاپ کراوە ، چە ئەم هۆنراوانە لەم بەرگەدا نووسراونەتەوە ، من‌خۆم پاش خوێندناوەی شیعرەکەی دەرکەوتنی مەبەســـەکە ناوم بۆ داناوە ئەو لە دەفتەرەکەیا شـیعرەکانی خۆی کەنووسـیوەتەوە ، شیعري دڵـداری‌و ئایینی‌و نیشتمانی بـــەجیا جیا نووسیوەتەوە ئەمەش وەنەبێ هەمووی لە دەفتەرێکا بووبێ بەڵکو لـــە چەند دەفتەرێکی بچوك‌و گەورەدا ، وەلـە چەنـد پارچە کاغەزێکا نووسرابوونەوە ، لەمانـە هێندێکی لەبەر تێپەڕ بوونی چەنـــد ساڵێك بەسـەر نووسینەکەیا چاك نەدەخوێنرایەوە کاغزەکە ژاکا



بوو ، یادڕا بوو یاخەتەکەی کوژابووەوە ، ئەمە ماوەیەکی‌زۆری خایان تا ساغم کردەوەو شیعرەکانم ڕاست کردەوە جارێکـی کە نووسـیمەوەو پیاچوومەوە ، لەگەڵ ئەمەشـا ئەگەر کـەم‌و کوریەك‌و ناتەواویەك ، یا هەڵـەیـەك لە مێژووی شیعرەکانا بیێ تکایە بەچاوی لێبوردن سەیر بکرێت ، تا لەکاتێکی کەدا ئـەو شتانەتان بۆ روون ئەکەمەوە ئیتر خۆشی‌و سەرکەوتنی هەمووتان لە یەزدان داواکارم .

## ( کاردۆخی )

## ( سوپاسێکی تایبەتی )

لە سەرەتای مانگی ئازاری سالی ١٩٧٤ دا ، ئەو دەفتەرەی کە شیعرەکانی ( شاهۆ ) م تیادا نووسیبووەوە ، لەگەڵ چەند وێنەو نامەیکی ( شاهۆ ) لەترسی نەوتانو لەناوچوون بردبوومە ( هەڵەبجە ) لەماڵی یەکێ لە خزمان دام نابوو ، لەوێوەوە دەستاو دەست کەوتبوو ، تا گەیشتبوە ( سەقز ) . لەماڵی یەکێ لە خزماندا دەستی بەسەرا گیرابوو . نەیان ئەدایەوە . دوایی بەهۆی خوشکی خۆشەویستم [ کوردە نەقشبەندی ] یەوە پاش ماوەی (١٥) مانگ دەستم کەوتەوە هەر چەند ، چەند نامەو وێنەی یادگارانەی لێ دەرهاتبوو بەڵام هەر باش بوو شیعرەکانم بۆ هاتەوە ، بێگومان ئەگەر ئەو خوشکە دڵسۆزە نەبوایە نەم ئەتوانی بەتەواوی جارێکی کە شیعرەکانی ( شاهۆ ) کۆکەمەوەو بیان نووسمەوە بۆیە لەم ڕووەوە بە پێویستی ئەزانم زۆر سوپاسی ئەو خوشکە کوردە دڵسۆزە بکەم کەبوو بەهۆی هێنانەوەی دەفتەری شیعرەکانی شاهۆ .

٩٨٠/٢/٦ ( کاردۆخی )

---

## ( سوپاس و گلەیی )

١ـ سوپاسی بەڕێوەبەرانی چاپخانەی کامەرانی دەکەم . بەتایبەتی کاك ( نەوزاد محمد قەفتان ) و باقی برایان .

٢ـ گلەیی لەو براو دۆستانە دەکەم کەپێش دەست پێکردنی چاپ کردنی دیوانەکەی شاهۆ بەڵێنیان دامێ پارەم بۆ چاپکردنی بەقەرز بدەنێ ، بەڵام بەڵێنییەکەیان نەهێنایەدی حەز ناکەم ناویان بێنم باهەر خۆمان بزانین .

( کاردۆخی )



## ( تکای لێبوردن )

ڕۆژی ٩٨٠/٨/١ خاوەنی چاپخانەی کامەرانی کاك ( محمد عزیز قفطان ) پێی ڕاگەیاندم ناتوانێت ( بەشە فارسی‌یەکەی ) شیعرەکانی ( شاهۆ ) کەبریتین لە (٢٠٧) هۆنراوە ، چاپ کات هەر چەندە کە ( ڕەقابەی چاپەمەنیش ) بریاری چاپ کردنی داوە ، جا خوێندەواری خۆشەویست لەبەر ئەوە نەکرا لەم بەرگەشدا شیعرە فارسی‌یەکانی ( شاهۆ ) چاپ کەم ، وام بەچاك زانی ئێستاکە ( بەشە کوردی‌یەکەی ) تەواو کەم ، لەپاشا لە هەلێکی کەدا ( بەشە فارسی‌یەکەشی ) بەجیا بەچاپ بکەیینم بەناوی ( پاشکۆی بەرگی دووەمی دیوانی شاهۆ ) وە .

جا لەم ڕووەوە داوای پۆزشو تکای لی بوردنتان لێ دەکەم .

١٩٨٠/٨/٢ ( کاردۆخی )

## بەرهەمە چاپکراوەکانی ( کاردۆخی )

[١] دیوانی ( صەیدی ) لەساڵی ١٩٧١ لە سلیماني چاپ‌کراوە

[٢] دیوانی ( شـاهۆ ) بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٦ لە سلیمـانی چاپ کراوە .

[٣] دیوانی ( کاردۆخی ) بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٨ لە بغـداد چاپ کراوە .

[٤] دیوانی ( شـاهۆ ) بەرگی دووەم لە ساڵی ١٩٨٠ لە سلیمـانی چاپ کراوە .

## ئەو بەرهەمانەی کە هێشتا چاپ نەکراون :

(١) بەرگی دووەمی دیوانی ( کاردۆخی )

(٢) حەدیقەی خوسرەوی ( ئامادەی چاپە )

(٣) گوڵزاری عوسمـانی

(٤) لەیلیو مەجنونی هەورامی ( ئامادەی چاپە )

(٥) پاشکۆی بەرگی دووەمی دیوانی شاهۆ ( ئامادەی چاپە )



## ( هەڵـــەی چـاپی )

تکایـە پێش ئەوەی دەست کەن بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەم هەڵە چاپی‌یانە ڕاست کەنەوە .

| لاپەڕە | دێڕ | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ١١ | ١٣ | چوومە لا | چوومە لای |
| ١٧ | ١٣ | ڕەری | ڕۆژی |
| ٢٦ | ١٧ | ساڵێمێنن | ساڵێحێنن |
| ٣٢ | ١٦ | کوردا | کوردان |
| ٣٧ | ١٦ | پیـاوەنی | پیـاوەتی |
| ٤٨ | ١٢ | سەرای | سەدای |
| ٥٩ | ٧ | تـەمەللوت | تەمەللوق |
| ٦٣ | ٤ | ساو | سامو |
| ٦٨ | ١٥ | وا بزانم | دا بزانم ؟ |
| ٧٢ | ١٥ | داردەسی | داد ڕەسی‌ی |
| ٧٣ | ١ | بەهەشت | عێززەت |
| ٧٤ | ٢ | ١٩٤٨ | ١٩٦٥ |
| ٧٧ | ٣ | قابێلو | قاتڵو |
| ٨٠ | ٩ | عەناعەت | قەناعەت |
| ٨٠ | ١١ | هەواوی | هەوای |
| ٨١ | ٣ | ڕون | دوون |
| ٨٨ | ١٣ | مەتەجی‌ی | مولتەجی‌ی |
| ٨٨ | ١٧ | نیمەي | نیمە |
| ٩٣ | ٦ | مرادی | مرادم |
| ٩٤ | ١٢ | کفایە | کینایە |
| ٩٩ | ٦ | کەوتە بە | کەوتە بەر |

# پێڕستی بەرگی دووەمی دیوانی ( شاهۆ )


| بابەت | لاپەڕە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| سەرەتا | ٣ | ئەی کوردی ستەم دیدە | ٤٦ |
| مێژووی ژیانی شاهۆ | ٤ | وەرامی نامەو کارتێك | ٥٣ |
| شاهۆو شیعر | ٥ | عەدالەت | ٥٥ |
| ڕوون کردنەوەی چەند شتێکی | ٨ | ئێوە بن‌و خوا | ٥٦ |
| کە لە ژیانی شاهۆ | | ژیانی بۆچی‌یە ؟ | ٥٧ |
| بۆ کۆچی دوایی شاهۆو مەزاری | ١٤ | مەرجی سەعد ئاباد | ٥٨ |
| پێنج خشتەکی لەسەرغەزەلێکی | ١٦ | بمدەرێ | ٥٩ |
| ئەحمەد موختار جاف | | عەبدی یەزدانین | ٦١ |
| سکاڵای وەتەن | ٢١ | تۆڵەسێنن | ٦٣ |
| جاڕ ئەکێشم | ٢٣ | گەلی کورد | ٦٤ |
| ئێوە بن‌و خوا | ٢٥ | نەما باسی قورئان | ٦٥ |
| بێ‌نگینن | ٢٦ | خوا خۆتۆ خۆت | ٦٦ |
| ئەوەی ئەمڕۆ | ٢٩ | هەوڵ ئەدەن | ٦٧ |
| سکاڵای دەروون | ٣١ | کوردی مەرد | ٦٨ |
| ڕەبی ئێمە عەبدی خۆتین | ٣٤ | بڕوا ناکرێ | ٦٩ |
| کورد سەپانی دایکی کەس‌نین | ٣٥ | ئەمڕۆ فرسەتە | ٧٠ |
| بیرو بڕوام وایە | ٣٧ | لەبەر چاوم | ٧١ |
| فێڵ ئەکەن | ٣٩ | بەشەرین | ٧٢ |
| چاوی دەربێنێ | ٤٠ | دوژمن نـاناسن | ٧٤ |
| دڵسۆزی کوردە | ٤٣ | ناڵەم وەکو نەی | ٧٦ |
| دەرسی عیبرەت | ٤٤ | | |





| بابەت | لاپەڕە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| پێنج خشتەکی لەسەر | ٧٨ | قوربان قوربانەن | ١٠٠ |
| غەزەلێکی نـاری | | فستانی ڕەش | ١٠١ |
| پاڕانەوەو سکاڵا لە یەزدان | ٨٢ | ووشەی دوایی بەشی کوردی | ١٠٢ |
| بەندە هەر تۆم هەی | ٨٤ | تێ‌بینی | ١٠٤ |
| پێنج خشتەکی لەسەرغەزەلی | ٨٧ | کۆتایی بەرگی دووەم | ١٠٦ |
| مەولانای جامی | | سوپاسێکی تایبەتی | ١٠٨ |
| فەردی تەنیای تاك | ٨٩ | سوپاس‌و گلەیی | ١٠٨ |
| دەسگیرم نیەن | ٩٢ | تکای لێ‌بوردن | ١٠٩ |
| فلا تنهر | ٩٥ | بەرهەمەکانی (کاردۆخی) | ١١٠ |
| عومری رابوردووم | ٩٨ | ڕاست کردنەوەی هەڵەی چاپی | ١١١ |
| ئەم دەفە | ٩٩ | پێرست | ١١٢ |



چاپخانـەی کامەرانی سلیمـانی ٢٣٥٠٨

١٤٦ /٤٠٠٠ - ٩٨٠/٨/١٨

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ١٠٨٨ / ١٩٨٠